
# لاپەڕەکانی
# فەرمانڕەوایانی عێراق

## لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی




**عەبدولقادر ساڵح**

Scanned with CamScanner

**عەبدولقادر ساڵح**

# لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق

## لە فەیسەڵی یەکەمەوە بۆ تاڵەبانی

کورتەیەك لە ژیاننامەی پادشا و سەرۆکەکانی عێراق

**٢٠٠٨**

# بِسمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحِيم


- ناوی کتێب: لاپەڕەکانی فەرمانڕەوایەتی عێراق
  لە فەیسەڵی یەکەم بۆ تاڵەبانی
- ئامادەکردنی : عەبدولقادر ساڵح
- نەخشە سازی بەرگ : شێرکۆ خانزادی
- ژمارەی سپاردن: ٧٠٧ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی پێ دراوە.
- نۆرەی چــاپ: چاپی یەکەم
- چاپخـــــانە: چاپەمەنی پەیڤ
- ســـاڵی چاپ: ٢٠٠٩

**ئەم بەرهەمە**

**پێشکەشە بە هاوسەری خۆشەویستم (مەلیحە خان) کە هەمیشە لەگەڵ زەحمەت و ماندوبونەکانمدا دەژی و بەشدارە !**




دروشمی شانشینی عیَراق ـ
سەردەمی ثاشایەتی ـ




دروشمی عیَراقی کۆماریی
سەردەمی دەسەلاَتی عەبدولکەریم
قاسم




شعار الجمهورية العراقية

دروشمی کۆماری عیَراق
سەردەمی دەسەلاَتی بەعسیەکان



ئالآی عیَراق ـ سەردەمی ثاشایەتی ـ
١٩٢١-١٩٥٩



ئالآی عیَراق ـ سەردەمی دەسەلآتی
عەبدولکەریم قاسم ـ ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣



ئالآی عیَراق ١٩٦٣ - ١٩٩١




ئالآی عیَراق ١٩٩١ ـ ٢٠٠٨




ئالآی عیَراق (کاتی) ٢٠٠٨ - ٢٠٠٩

# پێشەکی

عێراق لە ماوەی کەمتر لە نەوەد ساڵی تەمەنی دا سێ پادشای سەردەمی پاشایەتی و شەش سەرۆکی سەردەمی کۆماری بەڕێ کردووە، دیارە دەست هەڵگرتنی هەریەك لەو پاشا وسەرۆکانە بە رەزامەندی خۆیان نەبوە،لەگەڵ ئەوەی کورسی دەسەڵاتەکەشیان لەئاکامدا بوەتە کارەسات و بەسەر یاندا شکاوەتەوە، فەیسەلی یەکەم هەرچەند لە روە ئاشکراکەیدا وترا بە جەڵتەی دڵ مردووە ، بەڵام هەندێك راپۆرت لەدوایدا ئاماژەیان بەوەدا کە یەکێك لەو پەرستارانەی چارەسەری ناوبراوی کردبوو دەرزی زەهری لێ دابێت، مەلیك غازی کوڕیشی زۆربەی بیرو راکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بە پلانی ئینگلیزەکان تیاچوو بێت هەرچەند لە روە ئاشکراکەیدا هۆکاری تیاچونی بریتی بوو لەکارەساتی ئۆتۆمبیل، فەیسەلی کوڕیشی لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا و لە قەسابخانەکەی کۆشکی ریحابدا تیاچوو، عەبدولکەریم قاسمیش لە لایەن بەعسی یەکانەوە تیر باران کراو عەبدولسەلام عارفیش لە کارەساتێکی گومان ئامێزی فرۆکەدا تیاچوو کە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن بۆمب لە ژێر کورسی یەکەیدا دانرابێت و بە هۆی تەقینەوەی بۆمبەکەوەتیاچوبێت، تەنها عەبدلرەحمان عارف ی برای عەبدولسەلام عارف ، نەبێت کەوەك تاکە سەرۆکی عێراقی ولە سەدەی بیستەمدا توانی سەری بەسەلامەتی دەربکات، کاتێك لە لە کورسی دەسەڵات دوریان خستەوە ، پاش ئەویش ئەحمەد حەسەن بەکر دوای کەنارخستنی لەلایەن صدامەوە ئاماژە بەوە دەکرێت زەهرخوارد کرابێت و بەو هۆیەشەوە تیاچوبێت، سەرەنجامیش سەدام پاش ئەو هەموو کارەساتەی بەسەری خەڵکی عێراقدا هێنای ملی بەپەتدا کرا... ئەم

پێشەکی یە کورتەپێناسەی ئەوکورسی فەرمانڕەوایەتی یەی عێراق دەکات کە ناوی لێ نرابوو بە (کورسی مەرگ) و بەردەوام لەگەل خۆشیدا نەهامەتی وناسۆری بەسەر گەلانی عێراقدا هێناوە.. رەنگە زۆر کەم ولات هەبێت هاوشێوەی عێراق لەوەی کە هەمیشە بەدەست نائارامی سیاسی و کودەتای سەربازییەوە نالاندبێتی، خۆ ناشبێت دەلالەتی ئەوەشمان لە یادبچێت یەکەم کودەتای سەربازی لە ولآتانی عەرەبیدا لە عێراق چاوگەی گرت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی رون و ئاشکرای لە هەناویدا هەلگرتبوو بۆ داهاتووی ئەم ولاتە... ئەم کورتە نوسینەی بەردەست پوختەی ژیانی هەریەك لەو پادشاو سەرۆکانەیە کە فەرمانرەوایەتی عێراقیان کردووە لە سالی ١٩٢١ ەوە تا ٢٠٠٧ ، تیایدا هەولدراوە بە وردی و پوختی و کورتی ئەو ژیانانە بخرێتە بەردەست و کەمتر خۆ دراوە لە شیکاری و هەلسەنگاندنی سیاسی و خوێندنەوەی روداوەکان لەبەرامبەر ئەوەی زیاتر سەربوردێکی کورتی روداوە تایبەتەکانی ژیانی ئەو فەرمانڕەوایانە یە لەگەلێ چۆنیەتی هاتنە سەردەسەلآت و چۆنیەتی تیاچونیان بەتایبەت ئەوانەی لە سەدەی بیستدا فەرمانڕەوایەتی عێراقییان کردووە..

لە کۆتایی دا هیوادارم توانیبێتم بەم هەولە بچوکە کەلێنێکم لە کتێبخانەی کوردی پڕکربێتەوە، لەگەل هیوای سەرکەوتنم بۆ هەموولایەك.

**عەبدولقادر سالح**

**١٤ ی تەمموزی ٢٠٠٧ سلێمانی**

# سەردەمی پاشایەتی

# مەلیك فەیسەلی یەكەم

## (١٨٨٣-١٩٣٣)



الملك فيصل الاول

مەلیك فەیسەڵی یەكەم ناوی (فەیسەڵی كوڕی حوسەینی كوڕی حەسەنی هاشمی) یە و لە شاری تایف و لە ٢٠ی ئایاری ١٨٨٣ لە دایك بووە ، لەگەڵ سێ برای تریدا لە ئامێزی شەریف حوسەینی باوكیاندا پەروەردە بوون، كاتێك تەمەنی دەگاتە هەشت ساڵ و بە هۆی ناكۆكی نێوان باوكی و یەكێك لە مامەكانیەوە رودەكەنە ئەستەنبوڵ و لەوێ ماوەیەك دەمێننەوە ، لە ئەستەنبوڵ دەخرێتە بەر خوێندن و پاشان لەگەڵ كچە مامی ( شەریف ناصر) لە ساڵی ١٩٠٥ ژیانی هاوسەری پێك دێنێ و دوایی لە ساڵی ١٩٠٩ لەگەڵ ئەندامانی تری خێزانەكەیدا دەگەڕێنەوە بۆ حیجاز ئەمەش دوای ئەوەی باوكی دەبێت بە شەریفی مەككە لەبری مامی واتە( شەریف عەبدولا)، كاتێكیش فەیسەڵ لە ژێر فەرمانڕەوایەتی باوكی دا كاری دەكرد،توانی لێهاتووی خۆی بسەلمێنێ بەتایبەت لەسەر كوت كردنی یاخی بونەكانی عەسیر و ناوچەكانی تری دورگەی عەرەب، ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی تا باوكی وەك نوێنەری خەڵكی جدە لە ئەنجومەنی نێرراوانی

عوسمانی لەتورکیا هەڵی بژێرێت ،پاشان لە ساڵی ١٩١٢ بەرەو ئەستەنبوڵ دەروات و لە ساڵی ١٩١٦سەردانی دیمەشق دەکات هەرلەوێش سوێندی دڵسۆزی بۆکۆمەڵەی (العربیە الفتاە) دەخوات کەلەو کاتەدا گروپێکی نەیاری دەوڵەتی عوسمانی بون و دژایەتی هەبونی دەسەلاَتی عوسمانیان دەکرد لە دورگەی عەرەب و شام و عێراقدا، لەبەرامبەریشدا دەوڵەتی ئینگلیزی بەتەواوی یارمەتی وکۆمەکی دەکردن چونکە لەو کاتەدا دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕدا بوو لە دژی بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی و هەرلەم نێوەندەشدا حکومەتی بەریتانیا هەستا بە دانانی سیخوری بەناوبانگ (لۆرنس) بۆ کارا کردنی جەنگ لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکانی دورگەی عەرەب و شام و عێراق و تائەوەی کەجولاَنەوەیەکی لێ کەوتەوە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی وناسراوبوو بە شۆرشی عەرەبی لە ساڵی ١٩١٦کە باوکی فەیسەل بەرپای کرد و فەیسەڵیش یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئەوشۆرشە و چەندین ئەفسەری وەك نوری سەعیدو ناجی شەوکەت و جەمیل مدفەعی و عەلی جەودەت ئەیوبی و تەها هاشمی و نورالدین محمود و مولود موخلیص ی لەگەڵ بوو، ئەوبەشەی سوپای عەرەبی کە لەژێر فەرمانڕەوایەتی فەیسەڵدا بوو لە ناوچەکانی سینا و فەلەستین و سوریا دژ بە دەوڵەتی عوسمانی شان بەشانی هێزەکانی سوپای ئینگلیز جەنگان تا توانیان بچنە دیمەشق لە ساڵی ١٩١٨ و خەڵکی پیشوازیان لێ بکات..

لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨دا فەیسەڵ و نوری سەعید و سێ کەسی تر بەرەو پاریس بەڕێ کەوتن بەمەبەستی بەشداری کردن لەکۆنگرەیەکدا کە ولاَتانی سەرکەوتوی جەنگ سازیان دابوو، پاشان لە نیسانی ١٩١٩ گەڕایەوە سوریا و لە ١٩٢٠/٣/٧ لە لایەن سورياييەکانەوە وەك پادشایەکی

دەستوری بۆ ولاتەکەیان هەلبژێرا، بەڵام پاش تێ پەربونی کەمتر لـە مانگێـك و بەپێ ی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ سوپای فەرەنسا سـوریای داگـیر کـرد ئەمەش بوو بە هۆی هەڵایسانی شەرو پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی فەیسـەڵ و سوپای فەرەنسی دا و لە ئاکامدا جەنگ لە شکستی فەیسەڵ کۆتـایی هـات و ناچار بەرەو ولاتی ئیتالیا هەڵهات وماوەیەك لەوێ مایەوە و دواتـر گەیشـتە بەریتانیا... لەو کاتەشدا بەریتانیا بـارودۆخێکی دژواری هـەبوو لـە عێراقـدا و ئەمەش وای کرد تا حکومەتی بەریتانیا داوای لێ بکات بەشـداری کۆنگرەیـەك بکـات لـە قـاهیرە لـە سـاڵی ١٩٢١ بەسـەرۆکایەتی (وینسـتۆن چەرچـل) ولەوێشدا بڕیاردراکە فەیسەڵ بکرێت بە مەلیك بەسەر عیراقەوە ..

شـایانی باسـە لـە کـۆنگرەی قـاهیرەی ١٩٢٠کـە لەبـەرەنجامی شۆرشـی (بیسـت) ەوە بەسـترا ودژ بـە داگیرکـەری بـەریتانی بـوو، ئەنجومـەنێکی دامەزرێنەر لە هەندێك لە پێشەواو و کەسایەتی یە ناسـراوەکانی عێـراق و لـە نێویشـیاندا ( نـوری سـەعید پاشـا و رەشـید علـی گـەیلانی جەعفـەر پاشـا عەسکەری و یاسین هاشمی و عەبدولوەهاب بیـك نوعـەیمی ) لـە عێـراق پێـك هات کە تیایدا نەقیبی ئەشرافەکانی بەغداد عەبدولرەحمان نـەقیب هەلبـژێرا بـە سـەرۆك وەزیرانـی عێراقـی و داواکرابووکـە فەیسـەڵیش ببێـت بـە مـەلیك بەسەر عێراقەوە..

حەسەن عەلەوی لە کتێبی (عبدالکریم قاسم رؤیـة بعـد العشـرین) دەنوسـێت لە ساڵی ١٩٢١ شاندێك بۆ ئـەم مەبەسـتە بـەرەو حیجـاز بـەرێ دەکـەوێت بـۆ دیداری شەریفی مەککە واتە بـاوکی فەیسـەڵ، وکـاتێکیش شـاندەکە دەگاتـە جێ ومەبەستی سـەردانەکەی بـۆ رون دەکەنـەوە، بـاوکی فەیسـەڵ سـەرەتا رازی نابێت بەوەی فەیسەڵ بەو کارە هەستێ، چونکە لەلایـەك دەیویسـت بـە

فەرمانڕەوایـەتی خـۆی دەوڵـەتێکی عـەرەبی یـەکگرتوو دروسـت بکـات و لەلایەکی دیکەشەوە لەوە دەترسا کە کوڕەکـەی بەچەشـنی بـاپیرە گـەورەی واتە (حوسینی کوری عەلی کوڕی ئـەبی تالـب) بچێت کەخـەڵکی عێـراق چـی یان لێ بەسەر هێنا..

بەڵام وەفدەکە پێ دەلێن ئەوە سەردەمێکی تر بـووە ئێسـتا ئـەوە دوبـارە نابێتەوە و پاش هەوڵدانێکی زۆر سەرەنجام شەریفی مەککـە رازی دەبێـت تـا فەیسەڵ ببێتە پاشـای عێـراق بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر دلنیـا نابێـت لـە چونی فەیسەڵ بۆ عێراق هەر بۆیە دوای سێ سال ئەو کات رێگە دەدات مال و مناڵەکەی مەلیك فەیسەل تا لەگەڵی بچن بۆ عێراق..

دواتر لە ٢٣ی ئاب ی ١٩٢١ فەیسەڵ دەکرێت بە مەلیکی عێراق ..

قەدەر وابوو فەیسەل مەلیکی عێراق بێت بۆماوەی ١٢ سـاڵ ئـەوەش کاتێـك کە تەمەنی ٣٦ ساڵ بوو کەعەرشـی پاشـایەتی وەرگـرت، فەیسـەڵ کۆمـەلێك سـیفەتی دەگمـەنی هـەبوو لـە وریـایی و یـاری وگەمـەی سیاسـەت کەڕەنگدانـەوەی زیرەکـی خـۆی بـوو، هەمیشـە ئـەو وریـایی و گەمـە سیاسیانەی بە کار دەهێنا لە پێناو خزمەتکردنی وڵاتەکـەی و کەمکردنـەوەی فشـاری ئـەو قـەیران و کۆسـپانەی دەهاتنـە رێگـەی ..ئەمـەش وای کـرد لەماوەیەکی کەمدا بتوانێت خۆی بناسێنێ و رۆلی خۆی ببینێ، لەگەڵ ئـەوەی پەیوەندی نێوان فەیسەڵ و مەندوبی سـامی بـەریتانیش تارادەیـەك دامـەزراو هێمن و جێگیر بوو هەروەها لەگەڵ ئەو دەسەلاتدارە بەریتانیانەی تریش کـە بەشێکی زۆری فەرمانگەکانی وڵاتیان بەرێوە دەبرد..

لەسـەردەمی دەسـەڵاتی مـەلیك فەیسـەڵدا دەسـتوری عێراقـی دارێـژرا و لـە هەمان کاتدا نائارامی یەکی سیاسی هەبوو دژ بە بەریتانیا و لەوە ماوەیەشـدا

كە مەلیکی عێـراق بـوو (١٤) کابینـەی وەزاری گـۆرا. ئەمـە سـەرەرای هـەولی خۆکوشتنی (عەبدولموحسین سەعدون) ی سەرۆك وەزیران لە ساڵی ١٩٢٩..

مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە ٨ ی ئەیلولی ١٩٣٣ لەبەرەنجامی جەڵتەی دڵـەوە کاتێك کە لـە شـاری (بێـرن) ی سویسـرابوو کۆچـی دوایـی کـرد ، هەرچـەند هەنـدێك سەرچـاوە ئاماژەیـان بـەوەدابوو کـە فەیسـەل پـێش مردنـی سکرتێرەکەی تاوانبار کردووە بەوەی ژەهرا خواردی کردوە .

جێگەی باسە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی فەیسـەڵی یەکـەم کـە ( **دوانـزە سـاڵ و شـانزە رۆژ** ) ی خایانـد بـەوە ناسـراوبوو کـە تـەواو گوێرایـەڵی سیاسەتەکانی بەریتانی بووە لە عێراقدا کە ئەوەش هەندێك نارەزایـەتی بـە دوای خۆیدا دروسـت کردبـوو لـە نێوخـۆی عێراقـدا.. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـارودۆخی عێـراق بـە گشـتی تاڕادەیـەك جـێگیر و سـەقامگیر بـوو کـە هۆکارەکەی بـە زۆری دەگەڕایـەوە بـۆ هـەژمونی ئینگلیـز لـە وڵاتـدا چـونکە دەسەڵاتی فیعلی بەدەست ئەوانەوە بـوو، لەگـەل ئـەوەی هەنـدێك جموجـولی جۆراوجۆریش لە باکور و باشور ناوەراستی عێراق سەریان هەڵدا..

# مەلیك غازی

## (١٩١٢-١٩٣٩)



غازی تاقە کوڕی (مەلیك فەیسەڵ) مەلیك عێراق بووە و لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری مەککە لە دایك بوو و لە ئامێزی باپیرەی واتە شەریفی مەککە پەروەردەبووە ، پاشان لە کۆلیژی هارۆ ی بەریتانی خوێندویەتی تا ئەوکاتەی دێتەوە عێراق و لەتەمەنی ٢١ ساڵی یدا و لە ٩ی ئەیلولی ١٩٣٣ دەبێتە جێنشینی باوکی، پێشتریش غازی لە ساڵی ١٩٢٤ دەبێتە شازادەی عێراق ، پاشان مەلیك غازی لەگەڵ کچە مامەکەی (عالیە ی کچی مەلیك عەلی کوڕی حسین) ژیانی هاوسەرایەتی پێکبهێنێت و لە ٢٥ ی کانونی دووەمی ١٩٣٤ زەماوەند دەکەن و لە سەعات (٨,٣٠) خولەکی بەرەبەیانی رۆژی ٢ی مارسی ١٩٣٥ کورێکیان دەبێت و ناوی دەنێن (فەیسەڵ)

مەلیك غازی بەوە ناسراوبوو کە هەستێکی نەتەوەیی بەرچاوی هەبووە ئەمەش بەو پێودانگەی کە خۆی ئەزمونی باپیری بینیوە و لەسەردەمی دەسەلاّتی عوسمانی دا پێش جێ بەجێ کردنی رێکەوتنامەی سایکس بیکۆ

و دابەش کردنی وڵاتانی ناوچەکە لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، هەربۆیەش غازی واناسراوبوو کە نەیاری ئینگلیزەکان بووە ، لەساڵی ١٩٣٦ یشدا غازی پشتگیری کودەتا بەناوبانگەکەی (بەکر سدقی) کرد کە بەیەکەم کودەتا دێتە ژماردن لەوڵاتانی عەرەبیدا ، لەهەمان کاتدا غازی هەستا بە نزیک خستنەوەی کەسایەتی یە سیاسی یەکان و ئەفسەرەنیشتمانی یەکانی عێراق لە کۆشکی پاشایەتی ودواتر رەشید عالی گەیلانی کرد بە سەرۆکی دیوانی پاشایەتی، لە هەمان کاتدا داوای سەربەخۆیی ئەو هەرێم ویلایەتانەی دەکرد کە لەژێر دەسەلأتی عوسمانی دا رزگاریان بووبوو دواتر خرابوونە ژێردەسەلأتی بەریتانیا و فەرەنساوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی داوای یەك خستنی ولأتانی عەرەبی دەکرد لە ژێر یەك ئالأدا، هەر وەك داوای رزگار کردنی کویتی دەکرد لەژێردەسەلأتی دەوڵەتی بەریتانی دا و گەرانەوەی بۆ هەل و مەرجی پێشوی خۆی.

بەمەبەستی گرنگی دان و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمانی هەستابوو بە دامەزراندنی رادیۆیەکی تایبەت بە ولأتانی عەرەبی و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و دروست کردنی یەکێتی لە نێوانیاندا، لەهەمان کاتدا غازی پشتگیری جولأنەوە فەلەستینی یەکانی دەکرد بەتایبەت جولأنەوەی عزالدین قەسام و غەسان کەنەفانی و ...

تا سەرەنجام لە ٤ ی نیسانی ١٩٣٩ بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی لە دەستدا کاتێك خۆی دەکێشێت بە دارتەلێکی کارەبادا. لە دوای ئەوەش عالیەخانی خێزانی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کاتەدا دەڵێت کە غازی وەسیەتی کردووە (عەبدولئیلاھ) ی برای عالیە خان بکرێت بە سەر

پەرشتیار (وەسی) بەسەر مەلیك فەیسەڵی دووەم كە تەمەنی لەو كاتەدا ٤ سالان بووە..

سەبارەت بە كوژرانی غازی لەو كارەساتەدا گێڕانەوە و خوێندنەوە و بیرو رای جیاواز هەیە و زۆربەی بیروبۆچونەكان بەرە و ئەوە رۆشتون كە ئەو مەسەلە دەستی ئینگلیزەكانی لەپشتەوە بوبێت، چونكە غازی دژایەتی سیاسەتەكانی ئەوانی دەكرد، لە هەمان كاتدا راپۆرتە پزیشكی یەكان ئاماژەیان بەوەدابوو كە غازی لە پشتەوە جێگەی بەركەوتن لە سەریدا بینراوە و ئەوەش بەلگەی ئەوە بووە هۆكاری تیاچوونی كارەساتی ئۆتۆمبیل نەبووە، هەروەك هەندێك سەرچاوەی تر ئاماژە بە تێوە گلانی (عەبدولئیلاه) دەكەن لەوەی كە ئینگلیزەكان ویستبویان ئەو ببێت بە وەسی و سیاسەتەكانیان لە عێراقدا پەیرەو بكات لەكاتێكدا غازی وەك پێویست ملی بۆ داواكانیان نەدەدا و لە ئاكامیشدا مەسەلەكە هەروا دەرچوو ،كە لە دوایدا عەبدولئیلاه تەواوی سیاسەتەكانی بەریتانیای لە عێراقدا پەیڕەو دەكرد و سەرەنجامیش جولانەوەی مایسی ١٩٤١ ی بە دوای خۆیدا هێنا وەك یەكێك لە دەرهاویشتەكانی ئەو سیاسەتە.. بەم جۆرەش مەلیك غازی ماوەی <u>**پێنج ساڵ و شەش مانگ و بیست و پێنج رۆژ**</u> فەرمانڕەوایی عێراقی كرد و جگە لە كودەتاكەی بەكر سدقی كە لەساڵی ١٩٣٦ رویدا،ولەبەرنجامیشدا بە گوللەی یەكێك لە سەربازەكان ( جەعفەر عەسكەری) وەزیری بەرگری عێراق كوژرا، لە هەمان كاتدا ٨ كابینەی وەزاری گۆڕان و ناسەقامگیری تاڕادەیەك باڵی كێشابوو بەسەر وڵاتدا، ئەمە سەرەرای ئەوەی كە بەریتانییەكان پێ یان وابوو غازی زیاتر ئارەزوی بەلای هیتلەری ئەلمانی دا هەیە و ئەوەش نیگەرانی بۆ دروست كردبوون.

مەليك غازى رقێكى زۆر و ئاشكراى لە ئینگلیز هەبوو، كـە دەكرێـت هۆكـارى ئەم رقەش بگەرێتەوە بۆ دوو مەسەلە، یەكـەمیان ئـەو مامەڵـەى كـە ئینگلیـز لەگەل باپیرەى واتە (حسین) كردبوویان دوریـان خسـتبوەى بـۆ قـوبروس، مەسـەلەى دووەمـیش هەڵویسـتى ئـەو كەسـانە بـوو كـە لەگـەل بـاوكى دا هاتبوون بۆ عێراق دەسەلاَتى فیعلى دەولـەتى عێراقیـان بەدەسـتەوە بـوو ، ئەم دوو مەسەلەش واى كردبوو تا غازى بە جدى بیر بكاتەوە لە هێنانە كایـە نەوەیەكى عێراقى نوێ بۆ رزگار كردنى ولاَت لـە كـۆت و بەنـدى ئینگلیـز، لـە هەمان كاتدا مەلیك غازى بە پێچـەوانەى خواسـتى ئینگلیزەكانـەوە مامەڵـەى دەكرد و خواستەكانى جێ بـەجێ نـەدەكردن، ئەمـە سـەرەراى ئـەوەى كـە لێك نزیك بونـەوەى دیـار و ئاشـكرا هـەبوو لـە گـەل دەسـەلاَتى ئـەو كاتـەى هیتلەر لە ئەلمانیا و هەبوونى نامە گۆرینەوە لەم بوارەدا.. لەلایەكى دیكـەوە غازى كەسێكى نیشتمان پەروەر بوو دەیویست بە نزیك بونەوەى لە ئـەلمّانیا عێراق لە هەژمونى ئینگلیز دەربـاز بكـات ، تەنانـەت كاتێـك ( بـەكر سدقى) كوژرا، ترس و نیگەرانى تـەواوى هـەبوو لـە چارەنوسـى ئـەو دوو نامـەى كـە تەسلیمى (سدقى) كردبوو تـا لـە میانـەى گەشـتەكەیدا بیگەیەنێتـە دەسـتى هیتلەرومۆسولینى ..

مەلیك غازى هەروەك فوئاد عارف لەبـەرگى یەكـەمى یاداشـتەكانى دا باسـى دەكـات كەسـێكى زۆر سـادەبووە لـە ژیـانى رۆژانـە و تەنانـەت لـە جـل و بەرگیشدا، كەسێكى راستگۆ بووە لەگـەڵ خـۆى و دەوروبەریـدا ، دوور بـووە لە رەگەز پەرستى و رق لێ بونەوە ، خۆشەویستى زۆرى هەبووە بـۆ عێـراق و عێراقییەكان ، بەلاَم وەك پیویست نەیتوانیوە گەمەى سیاسەت بكـات و لـەم بوارەدا كەم و كورتى هەبووە ، ئاگادارى ئەو هەموو رقە نەبوو كە ئینگلیز لە

بەرامبەریدا هەیانبوو ، زۆر حەساس بوو لەبەرامبەر ئەوانەی لەگەل باوکی دا هاتبوون بۆ عێراق.

غازی کەسێك بوو زۆر حەزی لە راوی ئاسك بووە بێ ئەوەی حیمایەی لەگەل بێت دەرۆشتە راو کردن ، هەروەها زۆر بێزار بووە لەوەی کە دەسەتەی پارێزەری هەبێت، فوئاد عارف کە یاوەری غازی بووە لەم بارەیەوە دەلێت "جارێك مەلیك غازی بە گوێمدا چرپاندی و وتی چەند حەزم لەوەیە بچم لە چایخانەی (ابو علی) شەقامی ئەبو نوئاس دابنیشیم ، ئەزانی فوئاد من زیندانی یەکی موحتەرەمم چەندم حەز لەوەیە هەرخۆم بە تەنها بە بازاری سەرادا یان شەقامی رەشیدا بگەڕێم..! لە هەمان کاتدا غازی زۆر هەولّی داوە کە وەك مەلیك مامەڵە نەکات هەردەم ویستویەتی وەك کەسێکی سادە و ئاسایی بژی، لەگەل ئەوەی کەسێکی زۆر موتەوازیع بووە ، زۆر حەزی بە سەمونی عەسکەری کردووە هەرگیز لە نان خواردنەکانی دا لەسەر سفرە جگە لەو سەمونە هیچی دیکەی نەدەخوارد، لەگەڵ ئەوەی کەسێکی کۆمەلایەتی بووە و زۆر گرنگی بەو بوارە داوە. لەهەمان کاتدا زۆر لە حەزی شۆفێری و فرۆکەوانیش بووە ، بەلام لە رووی داراییەوە غازی باری دارایی باش نەبووە ، لەم بارەیەشەوە فوئاد عارف دەلێت : کاتێك لە سالّی ١٩٣٧ جۆرێکی نوێ ی ئۆتۆمبیلی (بیکارد) هاتبووە ولّات و نرخی ٤١٠ دیناربوو ، غازی زۆر حەزی لێ ی هەبوو ، بەلّام پارەی پێویستی نەبوو بۆ کرینی لەو کاتەشدا کە (سەید حەقی بەگ ) تێبینەری خەزینە بوو بە غازی دەلێت زۆر حەز دەکەین بۆت بکرین بەلّام بەراستی پارەمان نیە، ئەمەش وای کرد تا غازی لە رێگەی کشتوکاڵەوە بیر لەچاکردنی باری ئابوری خۆی بکاتەوە ..

لــه روداوێکــی ســەیردا فوئــاد عــارف کــە یــاوەری مــەلیك غــازی بــووە دەگێرێتەوە و دەڵێـت: لەناوەراسـتی سییەکاندا رۆژێـك لـە لەگـەڵ مـەلیك غازی دەمانویست بـەرەو (تـل الملـح) بـرۆین، کـات دەمـەو ئێوارەبـوو، لـەو کاتانـەدا لەبـەر ئـەوەی کـە جیـاوازی نـەبوو لـە نێـوان ئۆتـۆمبیلی کـرێ وئوتۆمبیلی تایبەتـدا چـونکە نیشـانەی تایبـەت نـەبوو بـۆ جیاکردنـەوەیان، پیاوێکی رەشۆکی عەرب دەستی راگرت لە ئۆتۆمبیلەکەمان کە هەندێك کـۆل و کەل و پەلی پێ بوو، هەربۆیـەش مـەلیك غـازی راوەسـتا ، پیاوەکـەش بـێ ئەوەی بزانێت کە شۆفیرەکە مەلیك غازییە بە لەهجەیەکی دەشـتەکی وتـی : کورەکە دەتوانی بەیەك روپیە بم گەیەنیتە ( خان زاری)؟
لەوەلاَمدا مەلیك وتی : نا بەدوو روپیە دەت گەیەنم!
پیاوەکـەش سـوربوو لەسـەر ئـەوەی کـە بەیـەك روپیـە بیگەیـەنێت و دواتـر مەلیك غازی رازی بوو تا بەیەك روپیە بیگەیـەنێ، پاشـان پیاوەکـە بـە غـازی وت " دابەزە ئەو کۆل و کەل پەلەم بۆ بخەرە ناو سنوقی سەیارەکەت".
فوئاد عارف دەلێت مەلیك غازی دابەزی و منـیش لەگـەڵی دابـەزیم و کـەل و پەلەکـەمان خسـتە نـاو سـنوقی سـەیارەکە و بـەرێ کـەوتین. لـە رێگـەدا کـە پیاوەکە لە ریزی پشتەوە دانیشتبوو مـەلیك غـازی پـێ ی وت بـەدوو روپیـە دەت گەیەنم نەك بەیەك روپیە!
لەم کاتەدا پیاوەك هەڵچوو پەلاماری مەلیك غازی دا و دەستی توند کـرد لـە ملی وبە جۆرێك خەریك بوو دەیخنکاندا، وتی تۆ رازی بویت بەیـەك روپیـە بم گەیەنیت ئێستا پەشیمان دەبیتەوە؟
مـەلیك غـازیش بـە پێکەنینـەوە وتـی بابـە رازیـم بەیـەك روپیـە! کاتێـك گەیشــتینە (خــان زاری) ، لەبــەردەم مەخفەرەکــەدا چــەند پۆلیســێك وەستابوون ئۆتۆمبیلەکەی مەلیکیان دەناسیەوە هەربۆیـەش مـەلیك غـازی لە دوری مەخفەرەکە راوەستا و دابەزی کەل و پەلەکەی بـۆ پیاوەکـە داگـرت

و پاشان سەرکەوتەوە و  بە پێکەنینەوە پیاوەکەی  بەجێ هێشت ، لەلایەن خۆیەوە  پیاوەکە زۆری لا سەیر بوو کە غازی داوای روپیەکەشی  لێ نەکرد..
 فوئاد عارف دەلێت پاشان کە تێپەرین سەیری دواوەمان کرد پۆلیسەکان لەدەوری پیاوەکە کۆبونەوە  زۆریان بەلاوە سەیر بوو کە چۆن سواری ئۆتۆمبیلی مەلیك غازی بووە ، ئیتر نازانین لەگەڵ یاوەرەکەدا چییان باسکرد.

# مەلیك فەیسەلی دووەم

## (١٩٣٥-١٩٥٨)



الملك فيصل الثاني

فەیسەلی دووەم لە بەرەبەیانی ٢ی مارسی ١٩٣٥ لە دایك بووە، لە تەمەنی ٤ ساڵیدا مەلیك غازی باوکی بە کارەساتی ئۆتۆمبیل تیادەچێت، فەیسەلی دووەمیش لەبەر ئەوەی کە تەمەنی لەو کاتەدا چوار ساڵ بوە و تەمەنی یاسایی پاشایەتی نەبووە خاڵی واتە (عەبدولئلاه) دەکرێتە سەرپەرشتیار(وەسی) بەسەریەوە، ئەمەش لە سەر وەسێتی مەلیك غازی هەروەك هاوسەرەکەی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو کاتەدا باسی لێوە کردبووە.. فەیسەڵی دووەم لە بەریتانیا و لە گەڵ حوسینی کوڕی تەلال کە نەوەی مامەکانی بووە لە ئوردون پێکەوە دەخوێنن و پەیوەندییەکی بەتین لە نێوانیاندا دروست دەبێت، تا ئەوەی لە ٢ی مارسی ١٩٥٣ کاتێك مەلیك فەیسەلی دووەم تەمەنی یاسایی تەواو دەکات ، بەرەسمی کاروباری ولات دەگرێتە دەست و دەبێت بە مەلیکی فیعلی عێراق، بەلأم پێش ئەو بەروارە خاڵی مەلیك فەیسەڵ کاروباری ولأتی بەرێوە دەبرد

و لەم بوارەشدا نوری سەعید یەکێك بوو  لە هاوکارە هەرەسەرەکی یەکانی، بەتایبەت بەو شارەزاییە زۆرەی کە نوری سەعید هەیبوو لە سیاسەت و دەسەلاتدارێتی دا. لە سەردەمی دەسەلاتی عەبدولئیلاه دا دەرکەوتووترین روداو  جولانەوەی مایسی ١٩٤١ بوو بە سەرۆکایەتی رەشید عالی گەیلانی کە پاش سەرکەوتنی ئەو جولانەوەیە عەبدولئیلاه توانی خۆی بگەیەنێتە بالیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد و پاشان لەوێشەوە خۆی دەرباز بکات، تا سەرەنجام بە پالپشتی هێزەکانی بەریتانیا توانی جارێکی تر بگەرێتەوە عێراق و جولانەوەکە سەرکوت بکات و هەر چوار سەرکردەی جولانەوەکەش لە سێدارە بدات و گەیلانیش هەلات بۆ ئەلمانیا و پاشان  بۆ سعودیە و میسر و تاسەرەنجام لە سالی ١٩٥٨ جارێکی تر گەرایەوە عێراق..

 لە هەمان کاتدا سەردەمی دەسەلاتدارێتی ناوبراو هاوکات بوو لەگەل جولانەوە و بەرزبونەوەی ستەمی چینایەتی و زیاتر بوونی رێژەی خەلکی هەژار لە عێراق و چەوساندنەوەیان..

 پاش ئەوەشی کە مەلیك فەیسەل لە رووی یاسایەوە بوو بە مەلیکی فیعلی عێراق، ئەوەندە کەم ئەزمون بوو کە هیچ شتێکی لە کارو باری دەولەت داری نەدەزانی و شارەزا نەبوو لەوەی  چۆن لەبەردەم وەزیرەکاندا کە خاوەنی ئەزمونێکی زۆر بوون قسە بکات، کاتێکیش کە وەسی لە عێراق دەچووە دەرەوەی ولات هەندێك کاری لاوەکی بە جێ دەهێشت تا مەلیك فەیسەل بیکات و ئەوەش وای کردبوو کە مەلیك فەیسەل هەر بەشێوەیەکی رمزی مەلیکی عێراق بێت و دەسەلاتی ئەو تۆی نەبێت، تەنانەت لە نامەیەکی لە ١٩٥٨/٧/٢ دا کە مەلیك فەیسەل ئاراستەی عەبدولئیلاهی خالی کردووە کاتێك بەسەردان چوو بووە بەریتانیا، و پاش شۆرشی ١٤ ی تەمووز

دۆزرایەوە نوسیویەتی :" **لەو ماوەیەی کە ئێوە لێرە نەبوون بۆ یەکەم جار هەندێك ئیش و کارم ئەنجام داوە بەپێ ی تواناو لێهاتنی خۆم و هەرخۆشم ئاراستەم کردون ئەوەش بەپێ ی شارەزایی و زانیاری کەم و کورتی خۆم، چەند جاریش هیوام دەخواست کەتۆم لە گەڵدابویتایە بۆ ئەوەی راوێژت پێ بکەم"**

بەم جۆرەش دەبینین مەلیك فەیسەڵ لە ماوەی دەسەڵاتی پاشایەتی خۆیدا کاراکتەری سەرەکی نەبووە لە فەرمانڕەوایەتیکردنی عێراقدا و ئەوەی کاری سەرەکی وڵاتی بەرێوە دەبرد عەبدولئیلا ﻫ و نوری سەعید بوون...

لە ١ی شوباتی ١٩٥٨ پاش پێکهێنانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە نێوان سوریا و میسردا ، یەکێتی هاشمی نێوان عێراق و ئوردون پێك هات و تا ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ مەلیك فەیسەڵ مەلیکی ئەو یەکێتی یەش بوو..

پاش ئەوەی لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەریەك لە عەبدولسەلام عارف و عەبدولکەریم قاسم کودەتای سەربازییان ئەنجام دا و پاشان ناوی لێ نرا بە شۆرشی ١٤ ی تەمموز، لەلایەن ژمارەیەك چەکدارەوە پەلاماری کۆشکی ریحاب درا کە هەریەك لە مەلیك فەیسەل و عەبدولئیلاهی خاڵی و دەست و پێوەندی پاشایەتی تیا دادەنیشت و پاش کۆنترۆل کردنی رەوشەکە و گەمارۆدانی کۆشك ، لە لایەن یەکێك لە ئەفسەرەکانی سوپای ئەوکاتەوە بنەماڵەی پاشایەتی تیر باران دەکرێن و سەرجەمیان قەتل و عام دەکرێن لە نێویشاندا مەلیك فەیسەڵی دوەم، کە پاش ئەوەش هیچ لێکۆلینەوەیەکی پێویست دەربارەی ئەو تاوانە ئەنجام نەدرا، ئەوەی جێگەی سەرسورمان بوو لە نێو ئەفسەرانی ئازادیخوازدا ئەوەبو کە مەلیك فەیسەل شتێکی ئەو تۆی لەسەر نەبوو تا بەو جۆرە لە ناوبچێت، بەڵام لە

پاشاندا مەسەلەکە بێ دەنگی لێکراو و بەو جۆرەش بنەماڵـەی پاشـایەتی لـە عێراق کۆتایی پێ هـات و عێـراقیش لـە سیسـتمی پاشـایەتی یـەوە گـۆرا بـۆ سیستمی کۆماری کە چەندین تراژیدیای بە دوای خۆیدا هێناو کارەسـاتەکانی دووبارە دەبونەوە. بەم جۆرەش مەلیك فەیسەل وەك مـەلیکی فیعلـی عێـراق ماوەی **پێنج ساڵ و چوار مانگ و پانزە رۆژ** فەرمانڕەوایەتی وڵاتی کرد...

لـە راپـۆرتێکی نهێنـی بالێۆزخانـەی بـەریتانیا لـە شـاری بەغـداد کـە سـاڵی ١٩٥٣ بەرزکراوەتـەوە دەربـارەی وەرگرتنـی عەرشـی پاشـایەتی وڵات لـە لایـەن مـەلیك فەیسـەڵی دووەمـەوە پـاش تـەواوکردنی تەمـەنی یاسـایی دەنوسێت : وەرگرتنی فیعلی عەرشی پاشایەتی لە لایەن مەلیك فەیسـەلەوە نۆبەرەی مژدەیەکی چاکە بۆ خەڵکی عێراق چونکە جەماوەرێتی عەبـدولئیلاە بەتەواوی بەرەو لاوازی رۆیشتوە ، لەبەشێکی تری راپۆرتەکـەدا کـە (جـۆن ترۆتبیك) نوسیویەتی نیگەرانی خۆی لە رۆڵی چاوەروان کـراوی عەبـدولئیلاە و دەربڕیوە لەبـەر ئـەوەی کـە نـاوبراو هێشـتا هـەر خـۆی بـە دەسـەڵاتداری فیعلی وڵات دەزانێت و دەیەوێت زۆربەی کارەکان خۆی بیکات ... لە هـەمان کاتدا راپۆرتەکە دەنوسێت پیویستە کارەکانی عەبـدولئیلاە لەچـوار چـێوەی ئامۆژگاری سیاسیی دا بن و دەبێت ئەوەش تێ بگات کە گـۆڕان لـە کۆشـکدا رویـداوە ، بـەڵام بەهـەموو ئـەو نیگەرانیانـەی بالیۆزخانـەی بـەریتانیاوە . هێشتا هەر دەسەڵاتی فیعلی بەدەست عەبدولئیلاهەوە بووە کە ئەمـەش لـە دواین نامەی مەلیك فەیسەل بۆ ناوبراو کاتێـك لـە بـەریتانیابووە ئـەم راسـتیە دەردەکەوێت...

هەر سەبارەت بەرەوتی بەرێوەچونی کاروبارەکان لەسـەردەمی دەسـەلاتی مـەلیك فەیسـەڵدا ، لـە راپـۆرتێکی تـری بالێۆزخانـەی بـەریتانیادا کـە سـاڵی

١٩٥٦ (مایکل رایت) نوسیویەتی ، تیایدا نیگەرانی حکومەتی بەریتانی دەخاتە روو لە کەم بونەوەی ژمارەی ئەو کەسایەتی یە حکومیانەی کاریان کردووە لەبەرژوەندی بەریتانیا و لەگەل ئەوەی کە باس لەوەش دەکات گەشە کردنی مەلیك فەیسەل زۆر بە هێواشی بەرێوە دەروات .. بەلام بەسەرجەم ئەو راپۆرتانەی کە لە بەغدادەوە و پاش سالّی ١٩٥٣ بەرزکراونەتەوە ئاماژەوە بەوە دەکەن مەلیك فەیسەل هەرچەند گەشەی کردووە بەلام وەك پیویست نەیتوانیوە جلّەوی فەرمانرەوایەتی بەتەواوی بگرێتە دەست ، لەگەل ئەوەی کە بە تێپەربوونی کاتییش ئەو کۆلەگە پتەوانەی پالّپشتی دەسەلاّتی پاشایەتی سەر بە بەریتانیان دەکرد لە عێراقدا بەرەو کەم بونەوە رۆیشتووە دەرشتن، هەروەك لە کۆتایی سالّەکانی دەسەلاتی پاشایەتی دا ئەو راپۆرتانە ئاماژ بە هەبوونی جموجول دەکەن کە دژ بە دەسەلاّتی پاشایەتی لە ئارادا هەبوو..

# سەردەمی کۆماریی

# عەبدولکەریم قاسم

## (١٩١٤ _١٩٦٣)



هەرچەند عەبدولکەریم قاسم پاش شۆرشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ وەك سەرۆك وەزیرانی عێراقی دەست بەکاربوو، لەو کاتەشدا بۆ شەرعیەت دان بەو مەرسومانەی دەردەکرا، بریار درا بە دامەزراندنی ( ئەنجومەنی سیادە) لە عێراقدا و لە سێ کەسایەتی پێك دەهات کە بریتی بوون لە (موحەمەد نەجیب روبەیعی سەرۆك و موحەمەد مەهدی کوببە و خالید عەبدولباست نەقشبەندی ئەندام)، بەم پێ یەش زیاتر دەبوایە ئەم ئەنجومەنە دەسەلاتێکی بالآی هەبوایە لە بەرێوەبردنی کاروباری ولاتدا و نوێنەرایەتی عێراقی بکردایە لە سەر ئاستی دەرەوە، بەلأم ئەم ئەنجومەنە لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی زیاتر دەسەلاتێکی شکلی هەبوو گرنگی یەکی ئەوتۆی نەبوو، هەربۆیەش نەیتوانی وەك پیویست کاروبارەکان بەرێوە بەرێت. لەبەر ئەوە ناتوانین وەك لایەنی عەمەلی بلێین موحەمەد نەجیب روبەیعی دەسەلآتی بالآی ولآتی لەدەستدا بووە، هەرچەند وەك لایەنێکی دەستوری و تیۆری

دەبوایە ئەو دەسەلاّتەی هەبایە، لەبەر ئەوە ئێمە لێرەدا لەسەر دەسەلاّتی فیعلی ولاّت رادەوەستین کە لە دەستی عەبدولکەریم قاسم دابووە..

عەبدولکەریم قاسم ناوی تەواوی ( عەبدولکەریم جاسم محمد بەکر)ە و لە ١٩١٤/١١/٢١ لە گەڕەکی مەهدیەی بەری رەصافەی شاری بەغداد لە دایك بووە لە باوکێکی سوننە مەزهەب و دایکێکی شیعە مەزهەب کە ناوی( کەیفیە حەسەن یەعقوب ساکنی) بووە، لەساڵی ١٩٣٠ باوکی عەبدولکەریم لە داوایەکی رەسمی دا ناوی خۆی دەگۆرێت لە جاسمەوە بۆ قاسم..

عەبدولکەریم خاوەنی دوو برابووە بە ناوەکانی عەبدولەتیف و حامید و دوو خوشك بە ناوەکانی ئامینە و نەجییە...

کاتێك قاسم تەمەنی دەبێت بە حەوت ساڵ و لەبەر خراپی باری بژێویان بنەماڵەکەیان رودەکاتە شارۆچکەی (سوێرە) تا لەوی بە کاری کشتوکاڵی یەوە سەرقال بن، هەر لەوێش قاسم دەخرێتە بەرخوێندن و ماوەی چوار ساڵ درێژە بە خوێندن دەدات، پاشان ماڵی باوکی دەگەرێتەوە بۆ شاری بەغداد و لە گەڕەکی (قەنبەر عەلی) نیشتەجێ دەبن .. لە ساڵی ١٩٢٧ قاسم خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و پاشان دەچێتە قۆناغی ناوەندی و لە (دواناوەندی بەغداد) وەردەگیرێت و دەتوانێ بڕوانامەی ئامادەیی لە لقی وێژەیی دا بەدەست بهێنێ..

ساڵی ١٩٣١ –١٩٣٢ لە قوتابخانەی شامییە( کە شارۆچکەیەکی باشوری عێراقە) عەبدولکەریم قاسم وەك مامۆستا دەست بەکاردەبێت و ماوەی سالێك دەمێنێتەوە، بەلام وادیارە قاسم زۆر هۆگری وانە وتنەوە نابێت هەربۆیەش لە پایزی ساڵی ١٩٣٢ پەیوەندی دەکات بە کۆلیژی سەربازییەوە ئەمەش لە کاتێکدا بوو وەزارەتی بەرگری ئەو کاتەی عێراق دەیویست

کۆمەلێك ئەفسەری باش پێ بگەیەنێ و لە نێو سوپادا بلاویان بکاتەوە..
پاشان لە ١٩٣٤/٤/١٥ قاسم کۆلیژی سەربازی تەواو دەکات بەپلەی (مولازمی دووەم) و ماوەی پێنج سالّ لە یەکە جیاوازەکانی سوپای عێراقیدا دەمێنێتەوە و خزمەت دەکات ، لەو ماوەیەشدا کە کودەتای بەکر سدقی روودەدات قاسم یەکێك دەبێت لەوانەی زۆر سەرسام دەبێت بە کەسایەتی سدقی و هەر لەوێشەوە دەچێتە نێو بواری سیاسی یەوە تێکەلّ دەبێت بەو بوارە..
بەلام لەگەلّ ئەمەشدا قاسم هەر دەست بەرداری پەرەپێدانی بواری سەربازی خۆی نابێت و سالّی ١٩٤١ پەیوەندی دەکات بە کۆلیژی ئەرکانەوە کە لەو کاتەدا ئەوانەی لەو کۆلیژە وەردەگیران دەبوا زۆر لێهاتوو و بەتوانا بونایە لەگەلّ ئەوەی دەبوا زۆر دلسۆز بونایە ،دواجاریش قاسم لەو کۆلیژە وەردەگیرێت و ماوەی دوو سالّ دەخوێنێ و تەواوی دەکات..
سالی ١٩٤٧ قاسم سەردانی بەریتانیا دەکات بەمەبەستی چارەسەر کردن و لەوێش زۆر سەرسام دەبێت بە ژیان و گوزەرانی ئەو ولاتەدا، سالّی ١٩٤٨ بەشداری شەری فەلەستین دەکات و توانا و لێهاتووی خۆی دەسەلمێنێ ..
سالّی ١٩٥٠ بە هۆی توانا و لێهاتنیەوە و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقی رەوانەی ولاتی بەریتانیای دەکات بەمەبەستی بینینی خولێکی شەش مانگە بۆ پێگەیاندنی گەورە ئەفسەران...
پاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٥٢/٧/٢٣ قاسم دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شۆرشە و لەژێر ئەو کاریگەییەش دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی لە سالّی ١٩٥٦ پەیوەندی دەکات بە رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازی عێراقەوە و دەبێت بەئەندامی لیژنەی بالا ، کە ئەو لیژنەیە لە ١٥ ئەندام پێکهاتبوو،

رێكخراوەكەش خاوەنی ٢٠٣ ئەندام بوو لە ریزی سوپای عێراقی دا کە ٥٪ ی سەرجەمی ئەفسەرانی سوپای ئەو كاتەی عێراقی پێك دەهێنا..

پاش ئەوەی قاسم دەچێتە لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز و بەدوای خۆیشی دا عەبدولسەلام عارف دێنێتە نێو لیژنەكە و هەردوو دەبنە بەشێكی سەرەكی لە كارەكانی ئەو لیژنەیە و ئاگاداری وردەكاری ئەو هەنگاوانە دەبن كەلیژنەكە دەیەوێت بیگرێتە بەر بۆ روخانی رژێمی پاشایەتی لەو كاتەدا و لەم بوارەدا چەند هەولێك دەدرێت بەلام بێ ئاكام دەمێنێتەوە...

تا سەرەنجام هەریەك لە قاسم و عارف هەلی ئەنجام دانی كودەتایەكی سەربازییان بۆ دروست دەبێت ئەمەش دوای بڕیاری سوپای ئەو كاتەی عێراقی بە گواستنەوەی لیوای بیست لە ناوچەی جەلەولاوە كە بەشاری بەغدادا تێ دەپەڕی و عارفیش فەرماندەی كەتیبەی سێ ی ئەو لیوایە دەبێت ، لەكاتیكداقاسمیش فەرماندەی لیوای نۆزدە دەبێت لە هەمان ناوچە، هەربۆیەش ئەم هەلە دەقۆزرێتەوە و سەرەنجام شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ی لێ دەكەوێتەوە ، ئەمەش پاش ئەوەی لە پێشەوە عارف بە سوپاكەیەوە جولە دەكات و لە نێو شاری بەغداد بارەگای رادیۆ دەگرێت و قاسمیش بە لیواكەیەوە لە پشتەوە ئیسنادی دەكات، پاش سەركەوتنی شۆرشیش قاسم لە بارەگای وەزارەتی بەرگری نیشتەجێ دەبێت و دەیكات بە بارەگای سەرەكی خۆی..هەر لەو بەرەبەیانیەشدا بنەماڵەی پاشایەتی بە مەلیك فەیسەل و عەبدولئیلا و مەلیكە عالیە لە كۆشكی ریحاب قەتل و عام دەكرێن و پاش چەند رۆژێكیش نوری سەعید دەكوژرێت..

لەسەردەمی دەسەلاتی كۆماریدا، گرفتی یەكەم بریتی بوو لە پەراوێزخستنی ئەندامانی تری لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز . لەلایەك

ئاگاداری وادەی شۆرش نەبون و لەلایەکەی تریش لە پۆستە سەرەکی یەکان دانەنرابوون، ئەوەش گرفتی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، تا سەرەنجام سەری لە جولآنەوەکەی شەواف لە مانگی ئازاری ١٩٥٩ وە دەرچوو..

هەرپاش شۆرشیش بەهۆی رۆلی خراپی پارتە بەشداربووەکانی ئەو کاتەی دەسەلآت لە مەسەلەی فەرمانڕەوایەتی ولآت و لە هەمان کاتدا جیاوازی بیربۆچونی هەریەك لە عارف و قاسم سەبارەت بە هەندێك مەسەلە، ناکۆکیش لە نیوان ئەو دوو کەسەدا پەرەدەسێنێت و شیوعیەکان لەو کاتەدا لە دەوری قاسم کۆبونەوە و بەعسیەکانیش لە دەوری عارف، تا سەرەنجام عارف بە تەواوی لە دەسەلآت دور خرایەوە و تەنانەت فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بەلام قاسم رازی نەبوو بەسەریدا جێ بەجێ بکرێت.. لە ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٩ عەبدولکەریم قاسم لە هەولێکی تیرۆر کردن ی رزگاری بووکە بەعسیەکان ئەنجامیان دا.. بەلام لە هەولێکی تری بەعسیەکاندا و بە پالپشتی قەومی یەکان توانرا لە کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆتایی بهێنرێت بە دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسم و لە داگاییەکی سەرپێ یدا هەریەك لە (قاسم و فازل عەباس مەهداوی و تەها شێخ ئەحمەد) تیرباران کران، پاش ئەوەی حکومەت پێکهێنرا عەبدولسەلام عارف بووبە سەرۆك کۆمار و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بەسەرۆك وەزیران..

دەربارەی چۆنیەتی دادگایی کردن و شێوازی تیر باران کردنی قاسم و هاورێکانی (عەبدولغەنی ڕاوی) لە میانەی گێرانەوەی یاداشتەکانی دا بۆ رۆژنامەی (ئەلحەیات) دەلێت" من لەو کاتەدا پلەی سەربازی (عەمید) م هەبوو ، سەرۆکی ئەو دادگایە بووم کە بۆ دادگایی کردنی قاسم و هاورێکانی دانرابوو ، هەریەك لە ( عەقید روکن خالد مەککی هاشمی و عەقید روکن

عەبدولکەریم موستەفا نەسرەت) ئەندامی دادگاکە بوون.ئەوانەی دادگایی دەکران چوار کەس بون( عەبدولکەریم قاسم، تەها شیخ ئەحمەد، فازڵ عەباس مەهداوی، کەنعان جەدە) و ئەو ژورە دادگایی کردنەکەمان تیدا ئەنجام دا ژوری تۆمار کردنی گۆرانی و مۆسیقا بوو، واتە ستۆدیۆ بوو، دیوارەکانی تایبەت بوون و دەنگیان لێ دەرنەدەچوو، من قاچم خستبوە سەر کورسی یەك کە بۆ ئامێری پیانۆ دانرابوو و تفەنگێکی (غەدارە)م بەدەستەوە بوو،لەو کاتەدا سالح مەهدی عەماش هاتە ژور کە قوتابی من بوو لە کۆلیژی سەربازی  و دواتریش عەلی سالح سەعدی خۆی کرد بە ژوردا، کاتێك سەعدی هاتە ژورەوە دەستی کرد بە جنێودان بە قاسم و سوکایەتی پێکردنی، من زۆر تورە بوم لەو کارە ، لەو کاتەدا عەماش هات ماچی کردم و وتی ئەوە سکرتێری حیزبی بەعسە چونکە من پێشتر سەعدیم نەم دەناسی ، دواتر چونە دەرەوە و عەبدولسەلام عارف هاتە ژورەوە. هەریەك لە قاسم و عارف بەرامبەر یەك وەستانەوە، تەنها  مەترونیوێك لە  نێوانیاندا هەبوو، منیش لە نزیك هەردوکیانەوە وەستابوم، قاسم بە عارفی وت" من کاتی خۆی دەمتوانی لە سێدارەت بدەم بەڵام ئەو کارەم نەکرد"، لەوەڵامدا عارف وتی" مەسەلەی تۆ بە دەستی من نیە بەڵکو بە دەستی جەماعەتە (واتە دادگا)"، عارف بە قاسمی وت " بەیاننامەی ژمارەی یەکی شۆرشی ١٤ی تەمموز من نوسیم یان تۆ؟ قاسم وەڵامی نەدایەوە، پاشان عارف لای کردەوە بەلای مندا و وتی " سوێند بە خوا من هەموو بەیاننامەکەم نوسی ، من پلەی سەربازیم (عەقید) بو، ئەویش (زەعیم روکن) دواتر بەیانەکەم پێدا و تەنها دوو وشەی لێ گۆڕی " دواتر قاسم وتی بە عارف رێگەم بدەن برۆمە دەرەوەی وڵات تەنانەت گەر بۆ بەرازیلیش بووبێت یان ئەرجەنتین"، بەڵام

عارف وتی چارەنوسی تۆ بەدەستی من نیە.. دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە وەك سەرۆکی دادگا لێ ی کردبێت عەبدولغەنی راوی دەلێت " من هیچ پرسیارێکم لێ نەکرد چونکە ئێمە لە دژی ئەو کودەتا مان کردبوو،خۆ گەر شکستمان بخواردیایە ئەوا ئەو هەمان حوکمی بەسەردا جێ بەجێ دەکردین.. دواتر بانگ کرامە ژورێکی دیکە کە نزیکەی چل کەس لە ئەفسەری گەورە و بچوکی لێ بوو عارف بە ئامادەبوانی وت: ئیمە ئێستا دادگایی قاسم دەکەین گەر شکستمان بهێنایە ئەوا ئەو ئێستا دادگایی ئێمەی دەکرد و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەردەکردین لەبەر ئەوە من داوا دەکەم سزای لە سێدارە دان بدرێن ، پاشان هەموو ئامادەبوان وتیان با لە سێدارە بدرێن.

دوای گەڕانەوەم بۆ ئەو ژورەی کە قاسم و هاورێکانی تیدا بوو پێم وتن" دەتوانن هەریەکەتان وەسیەتنامەیەك بنوسن، قاسم وتی من وەسیەتنامە نانوسم، ئەوانی دیکەش وتیان ئێمەش ناینوسین، دواتر پارچە قوماشم پێدان تا چاویان ببەستن بەلاّم قاسم رازی نەبوو چاوی ببەستێ و ئەوانی دیکەش بە هەمان شێوە، پاشان گوتم کێ دەیەوێت با شایتومان بهێنێ، تەنها کەنعان جەدە شایەتومانی هێنا.. ماوەی نێوان ئێمە و ئەوان نزیکەی مەترو نیوێك بوو، بە فەرمانی من کە دوو ئەفسەر و (رئیس عرفا) یەکم لەبەردەستدا بوو هەریەك لەوانە چەکیکی جۆری (سترلینگ) یان بەدەستەوە بوو، پاشان بە فەرەمانی من تەقەیان لێکراو گوللە باران کران"..

لەسەردەمی دەسەلاتی قاسمدا چەند کارێکی گرنگ ئەنجام درا لە بوارەکانی کەرتی بەرهەم هێنانی نەوت و دەرکردنی یاسای تایبەت بە چاك کردنی کشتوکال و یاسای باری کەسێتی و زۆر شتی تریش ، هەروەها لە

ماوەی دەسەلاتی قاسمدا و لـه سـالّی ١٩٦١ خوالێخۆشـبوو مسـتەفا بـارزانی رابـەری شـۆرش کـوردی لـە ولاتـی یـەکێتی سـۆڤییەتی جارانـەوە گەڕایـەوە عێراق و پێشوازی گەرمی لێکرا، هەروەك لەماوەی دەسەلاتی دا قاسم داوای گەرانەوەی کویت ی کرد بۆ سەر عێراق هەرچەند سەرکەوتوو نەبوو..

قاسـم تـا ئەوکاتـەی مـرد ژنـی نـەهێنا و لـەماوەی دەسـەلاتی سـەرۆکایەتی یەکەیدا کە **<u>چوار سالّ و شەش مـانگ و بیسـت چـوار رۆژ</u>** بـوو لـە بارەگـای وەزارەتـی بـەرگری دا دەمایـەوە و کـاتێکیش تیربـاران کـرا تـەنها دینارێـك و دووسەد و پەنجا فلس سەروەت و سامانی پاش خۆی بەجێهێشـت ،ئەمـەش بەپیٚ ی راپۆرتی ئەو لیژنـەی بەدواداچـونیان بـۆ سـەروەت و سـامانی قاسـم کرد ئاشکرا کرا.

عەبدولکەریم قاسم لە ژینگەیەکی هەژاردا ژیاوە و تەمـەنی منالیشـی هـەر بـە هەژاری بەڕیٚ کردووە، هەروەك لە گەل باوکی دا سەرقالی ئیشی داراتاشـی و کشتوکالّی بوە تا ئەو کاتەی چوە کۆلیژی سەربازییەوە و کاتێکیش بـوو بـە مامۆستا زیاتر هەل و مەرج و گـوزەرانی خـەلّکی گوندنشـین ئاگـادار بـوو لـە روی چەوسـانەوە و پێشـێل کردنـی مافــە کانیانــەوە بـە تایبـەت لەلایـەن دەسەلاتی دەرەبەگی یەوە ، لە هەمان کاتـدا قاسـم بـە وردی ئاگـاداری ئـەو جیاوازییە زۆر و زەوەندەی نێوان ژیانی گوند و شارەکان بوو لـە روی هـەل و مەرجی ئابوری و گوزەرانـەوە ، هەربۆیـەش تێکـەل بـونی قاسـم لەگـەل ئـەو ژینگانـەو بـیر لیٚ کردنـەوەی وای کـرد تـا لەسـەر دەمـی دەسـەلاتدارێتی دا گرنگی بدات بە خەلّکی هەژار و رەش و روتـی گونـدەکان بەتایبـەت ئەوانـەی هاتبون و لە دەوربەری شاری بەغداد بە شـێوەیەکی کولـە مـەرگی دەژیـان و

پاشان قاسم هاوكاری كردن له دابین كردنی خزمەتگوزاری كـه ئێسـتا پـیێ ی دەوترێت (مدینه صدر) و لەو كاتەدا نزیكەی (١٠) هەزار ماڵ دەبوون.

له روی سیاسیەوه قاسم كـەوتبوه ژێـر كاریگـەری بـیرورا سیاسـیەكانی ئـەو كاتەی بەكر سدقی كه كودەتای ١٩٣٦ ی ئەنجام دا و پێشتریش لـه سـاڵی ١٩٣٥ ببوه ئەندام له یەكەمین كۆمەڵـەی ئەفسـەرانی نەتـەوەیی لـه عێراقـدا، بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا و تا ئەو كاتەشی تیاچـوو قاسـم نـه شـیوعی بـوو نـه نەتەوەیی و نه سوسیالیستی و نه دیموكراستی و نه ئینگلیـزی ، بـه لكـو بـه واتــای تــەواو (قــاسمی) بــوو ، قــاسمیش بــوو بــه واتــای گرنگــی دان بــه دەسەلات و هەول دان بۆ بەدەست هێنانی و هێشتنەوەی لەدەستی خۆیدا .

دەربارەی كەسایەتی قاسم ، فوئاد عارف دەنوسێت: پـێش ئـەوەی قاسـم دەسەڵات وەربگرێت له ساڵی ١٩٥٨ به ماوەیەكی زۆر پێش ئەوه ناسـیومە، له راستی دا مرۆڤێكی نشیتمان پەروەر و راستگۆ و دەسـت پـاك بـوو، بـەلاَم فەرمانرەوایەتی كردنـی بـۆ عێـراق زۆر زیـاتربوو لـه توانـای خـۆی، چـونكه شارەزایی و فێڵـی سیاسـەتی بەتـەواوی نـەدەزانی و نەیـدەتوانی ئیسـتعابی ئەو باره سیاسیی یـه بكـات كـه لـه عێراقـدا دەگـوزەرا..دەربـارەی ئینتمـای سیاسی قاسم فوئاد عارف دەلێت: قاسم شیوعی نەبوو بەلام كاتێك هەسـتی بـه خـۆی كـرد لـه باوەشـی ئەوانـدا خـۆی بینیـەوه ئەمـەش پـاش ئـەوەی قەومییەكان له دەوری عەبدولسەلام عارف كۆبونەوه كـه جـەمال عەبدلناصـر پشـتگیری دەكـردن. لەبـەر ئـەوەی عەبدولكـەریم قاسـم خـاوەنی حیزبێكـی سیاسـی نـەبوو، ناچـار پشـتی بـه شـیوعیەكان بەسـت بـۆ لێـدانی رەوتـی قەومییـەكان و ئەمـەش وای كـرد لـه ئاكامـدا شـیوعییەكان دەسـەڵات بگـرن

بەسـەر زۆربـەری دام و دەزگـا حکـومی یەکانـدا ، بەتاییـەت پـاش شکسـتی جوڵانەوەکەی  شەواف لە مانگی مارسی ١٩٥٩..

# عەبدولسەلام موحەمەد عارف

## ( ١٩٢١ – ١٩٦٦ )




عەبەدولسەلام موحەمەد عارف لە ١٩٢١/٣/٢١ لـە گـەڕەكێكی نزیـك بـازاڕی (حـەمادە) ی بـەری كـەرخی شاری بەغـداد كـە یـەكێك بـووە لـە گەڕەكـە میللـی یـەكان لـە دایـك بـووە ، بـاوكی واتـە موحەمـەد عـارف الجمیلـی (لـە عەشـیرەتی الجمیلـە) بـووە و بـە بازرگـانی كوتاڵـەوە سـەرقاڵ بـووە و لـە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی (خان زاڕی) كە یەكێك بووە لـە ناوچـەكانی شـاری فەلوجـە ، خـاڵی عەبدولسـەلام واتـە (شـێخ زاڕی) یـەكێك بـووە لـە لەسـەركردەكانی شۆڕشـی بیسـت دژ بـە سـوپای داگیركـاری ئینگلیـز لـە عێراقدا...

عەبدولسەلام عارف قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەنـدی لـە بـەری كـەرخی شـاری بەغـداد تـەواو دەكـات وپاشـان لـە سـاڵی ١٩٣٨ دەچـێتە كۆلیـژی

سەربازی و ساڵی ١٩٤١ بە پلەی (مولازمی دووەم) کۆلیژی ناوبراو تەواو دەکات کە لەو کاتەدا تەمەنی بیست سال تێ پەڕناکات..

پاش تەواو کردنی کۆلیژی سەربازی بە ماوەیەکی کەم لەشاری بەغداد دەبێتە بەرپرسی پاسەوانێتی زیندانی سەربازی کە ژمارەیەك لە سەربازو ئەفسەرە پلە باڵاکانی تیا بەند کرابوون بە تۆمەتی بەشداری کردن لە جوڵانەوەکەی رەشید عالی گەیلانی، بەڵام لەبەر ئەوەی عارف ئەو بەندییانەی وەك پاڵەوانی نیشتمانی وەسف دەکرد و رێوشوێنەکانی تایبەت بەو زیندانی یانەی پێشێل دەکرد ، سەرەنجام دەگوازرێتەوە بۆ بەسرەو تاساڵی ١٩٤٤ لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ ناسریە تا لە دوایدا و لە ساڵی ١٩٤٦ هەڵدەبژێرێت وەك راهێنەر لە کۆلیژی سەربازی کە تەنها ئەو کەسانەی وەرگرتووە کە خاوەنی سیفەتی سەرکردەیی و پیشەیی بەرزو زیرەك بوون..

ساڵی ١٩٤٨ دەگوازرێتەوە بۆ کەرکوك و پاشان هەمان سالْ دەچێت بۆ فەلەستین و بەشداری جەنگی فەلەستین دەکات ، کاتێکیش کە (فەریق نورالدین مەحمود) دەبێتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا عەبدولسەلام عارف دەکاتە ئەندامی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان ، ساڵی ١٩٥٢ دەگوازرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی مەشق و راهێنان و ساڵی ١٩٥٤ یش بەمەبەستی زیاتر وەرگرتنی مەشق و راهێنانی سەربازی پەیوەندی دەکات بە خولێکی سەربازی بەریتانی یەوە لە (وسلدرۆف) لە ئەلمانیای رۆژئاوا و لەوێش دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٥٦ ، پاش گەڕانەوەی بۆ عێراق دەگوازرێتەوە بۆ لیوای (٢٠) و دەبێتە فەرماندەیی کەتیبەی سێ یەمی لیوای ناوبراو..

له سەر داوای عەبدولکەریم قاسم کە هاورێ ی بووە ساڵی ١٩٥٧ پەیوەندی دەکات بە رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە و پاشان دەبێتە ئەندامی لیژنەی باڵای رێکخراوی ناوبراو وبەم جۆرەش زیاتر پەیوەندی نێوان قاسم و عارف پتەو دەبێت و زیاتریش پێکەوە کۆدەبنەوە.

پاش ئەوەی لە ١٩٥٨/٧/١ فەرمان دەردەچێت بۆ لیوای ٢٠ ی سوپای عێراقی تا بەرەو ئوردون بکشێت بەمەبەستی پشتگیری سوپای ئوردونی و وەستانەوە بە رووی ئیسرائیلدا ، باشترین هەل دروست دەبێت تا رێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن، بەڵام هەریەك لە قاسم و عارف هەوڵ دەدەن لەو کودەتایەدا ئەو رێکخراوە دور بخەنەوە و سەرەنجام بێ ئاگاداری لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز لەبەرەبەیانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کارەکەیان ئەنجام دەدەن و دەسەڵاتی پاشایەتی دەروخێنن و بەیاننامەی شۆرش رادەگەیەنن..

لەو کودەتایەدا عارف بەشی سەرەکی و فیعلی کارەکە ئەنجام دەدات و عەبدولکەریم قاسمیش پشتیگیری و ئیسنادی دەکات، پاشان عارف بارەگای رادیۆ دەکات بە بارەگای سەرەکی خۆی و لەگەڵ قاسمیشدا پۆستە سەرەکی یەکانی حکومەت دابەش دەکەن و ئەفسەرەکانی تری لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخوازیش لە پۆستە لاوەکی یەکان دادەنێن..

دوای ئەوەی شۆرش سەرکەوت و بە هۆی کۆبونەوەی بەعسیەکان لە دەوری عارف و هەوڵدان بۆ دروست کردنی یەکێتی عەرەبی خێرا لەگەڵ میسر هەروەها زیاتر هاندانی عارف بەوەی کە ئەو شایستەی سەرۆك وەزیرانە نەك قاسم چونکە ئەو کودەتاکەی ئەنجام داوە و گەر بێتو شکستی بهێنایا ئەوا عارف توشی مەترسی دەبویەوە و قاسمیش رزگاری دەبوو،

ئەمانەش بوونە سەرەتا دروست بونی ناكۆكی نێوان ئەو دوو كەسە ، تا سەرەنجام بەرە و ئەوە رۆشت عارف لە دەسەلآت پەراوێز بخرێت و تەنانەت گەیشتە ئەوەی كە لە ١٩٥٩/٢/٥ سزای لە سێدارەدانی بۆ دەربچێت بەلآم قاسم موسادەقەی نەكرد و فایلی كێشەكەی لەسەر رەفەكەی خۆی هێشتەوە تا پاش ئەوەی لە ئەیلولی ١٩٦١ كە سوریا لە كۆماری عەرەبی یەكگرتوو جیابویەوە عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦١/١١/٥ ئازاد دەكرێت و لە ژێر چاودێری دا دەمێنێتەوە..

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ جارێكی تر بەعسیەكان دەستیان كردەوە بە چالاكیی یە سیاسیەكانیان و عەلی سالح سەعدی بووبە سكرتێری ئەو حیزبە ، پلانی كودەتای سەربازی بەسەر دەسەلآتەكەی قاسم دارێژراو كاری جدی لەسەر كرا تا ئەوەی سەرەنجام لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و لەكودەتایەكدا كۆتایی هێنرا بە دەسەلآتەكەی قاسم و بەعسیەكان هاتنە سەر دەسەڵات.. پێشتریش كاتێك كە هەواڵی كودەتاكە لە رادیوە دەبیستێ عەبدولسەلام عارف پەیوەندی دەكات بە كودەتاچییەكانەوە و دواتر لەسەر داوای عەلی سالح سەعدی عەبدوسەلام عارف بەشداری دەسەلاتی پی دەكرێت و دەبێتە سەرۆك كۆمار چونكە لەو كاتەدا بەعسیەكان خاوەنی هیچ رەمزێك نەبوون كە لە ناو جەماوەردا ناسراو بێت و زیاتر سەركردەكانی بەعس لاو و كەم ئەزمون بوون، هەربۆیەش دەیانویست تا ئەوكاتەی دەتوانن كۆنترۆلی بارودۆخەكە بكەن پۆستی سەرۆك كۆمار بە دەست عارف بێت و كاتێكیش قۆناغەكە تێ پەڕی ئەو پۆستەی لێ وەربگرنەوە و پەراوێزی بخەن، بەو جۆرەش عەبدولسەلام عارف كرا بە سەرۆك كۆمار و لە هەمان كاتدا ئەحمەد حەسەن بەكریش بە سەرۆك وەزیران.

کاتێکیش لە کودەتاکەیاندا سەرکەوتن بەعسیەکان ئەنجومەنێکی نیشتمانی بۆ سەرکردایەتی شۆرشیان پێکهێنا تا شوێنی دەسەلاتەکەی قاسم و بڕیاری تیر باران کردنی قاسم و فازل عباس مەهداوی و تەها شێخ ئەحمەد یان دەرکرد..

سەبارەت بە تیرباران کردنی قاسم ژمارەیەك بەڵگە نامە ئاماژە بەوە دەدەن کە قاسم پێشتر لە رێگەی عارفەوە هەول دەدات یان رێگە بدرێت ولات بەجێ بهێلێ یاخود دادگایەکی عادیلانە بکرێت، بەلاّم بەعسیەکان بەو داوایەی قاسم رازی نابن.. هەندێك بەڵگەنامەی بێ لایەن ئاماژە بەوە دەدەن کە بریاری تیرباران کردنەکە کە لە سەرکردایەتی بەعسەوە دەرچوو بوو لە ئەنجامی دادگایی کردنێکی سەرپێ یەوە کە لە هۆلی گەلی تەنیشت وەزارەتی بەرگری بەرێوەچوو بوو، پاش تەواو بونی دادگایی کردنەکە و ئاشکرا بوونی بریارەکە ، عەبدولسەلام هەول دەدات تا رێگە لەو بریارە بگرێت بەلام سودی نابێت و سەرەنجام ئەو سێ کەسە تیر باران دەکرێن..

دوای ئەوەی بارەکە ئارام دەبێتەوە عارف وەك سەرۆك کۆمارو بەکریش وەك سەرۆك وەزیران دەست بەکاردەبن، بەلاّم بە هۆی هەڵسو کەوتی نادروستی حەرەس قەومی یەکان و ناکۆکی ناوخۆیی حیزبی بەعس سەبارەت بە دابەش کردنی دەسەلاّت، ئاژاوە و دوو بەرەکی لە ریزی بەعسیەکان دروست دەبێت و ئەمەش وادەکات کە سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعس لە رێگەی هەریەك لە میشێل عەفلەق و حافز ئەسەد بێنە ناو کێشەکەوە بۆ چارەسەر کردنی بارودۆخەکە. لەو کاتەشدا عارف هەلەکە دەقۆزێتەوە ولە ١٩٦٣/١١/١٨ کودەتایەك دەکات بەسەر بەعسیەکانداو لە دەسەلاتیان دوریان دەخاتەوە و هەریەك لە ئەسەد و عەفەلەقیش دەست

بەسەر دەكات تا ئەو كاتەی بارودۆخەكە هێمن دەبێتەوە و پاشان ئازادیان دەكات.. هەرچەند لە دوایدا عارف ئەحمەد حەسەن بەكر دەكات بە جێگری سەرۆك كۆمار، بەلاّم هیچ دەسەلاتێكی ئەو تۆی نابێت و پاش ماوەیەكی كەم دەست لەو پۆستە هەڵدەگرێت..

پاش سەركەتنی عارف لە دورخستنەوەی بەعسیەكان لە دەسەلاّت یەكەم كابینەی وەزاری پێك دێنیّ بە سەرۆكایەتی تاهیر یەحیا لە ١٩٦٣/١١/٢٠ كە سەرۆكی ئەركانی گشتی بوو، لە هەمان كاتدا جەمال عەبدولناسریش لە میسر پشتیوانی لیّ دەكات..

لە ١٩٦٤/١/١٢عارف سەرۆكایەتی كۆنگرەی لوتكەی ولاّتانی عەرەبی دەكات لە قاهیرە و لە ١٩٦٤/٣/٢٦ عارف لە گەڵ عەبدولناسر رێكەوتنامەیەك ئیمزا دەكەن سەبارەت بە یەكێتی نێوان عیراق و میسر و بەپیّ ی ئەو رێكەوتنامەیە ئەنجومەنێكی سەرۆكایەتی هاوبەش پێك دێت..

لە ١٩٦٤/٥/١٣عارف دەستوری كاتی ولاّتی راگەیاند بەمەبەستی پشتگیری كردنی سیستمی ناوخۆیی دەسەلاّتەكەی تا بە جۆرێك بێت بگونجێت لەگەڵ حوكمڕانی كۆماری عەرەبی یەكگرتوودا.. لە ٣ ی ئەیلولی ١٩٦٥ تاهیر یەحیا دەست لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی هەڵدەگرێت و دەست لە كاركێشانەوەی خۆی پێشكەش دەكات و پاشان عەبدولسەلام عارف لە ١٩٦٥/٩/٦ عارف عەبدولرەزاق رادەسپێریّ بە پێكهێنانی كابینەی وەزارەت، بەلاّم بە هۆی هەولّی كودەتایەكی یەكی شكستخواردوو ، عارف عەبدولرەزاق لە ١٩٦٥/٩/١٦هەلّدێت و رودەكاتە قاهیرە و عەبدولسەلام عارفیش عەبدولرەحمان بەزاز رادەسپێریّ بە پێكهێنانی كابینەی وەزارەت.

له ١٩٦٦/٤/١٣ عـارف لـه ميانـەی سـەردانێکی دا بـۆ باشـوری وڵات کاتێـك دەیـەوێت لـە (قۆرنـە) ەوە بـەرەو(بەسـرە) بـەرێ بکـەوێت بـە فرۆکەیـەکی سۆڤێتی جۆری MI لەگەل ژمارەیەك وەزیر و بەرپرسی تردا ، لـە روداوێکـی تەم و مژاویدا فرۆکەکە ئـاگر دەگرێـت و فرۆکەوانەکـە کۆنترۆڵی فرۆکەکـە لـە دەسـت دەدات و لـە دوایـدا فرۆکەکـە بـە شـێوەیەکی نـزم دەروات بـەرەو روبـارێکی ناوچـەکە عـارفیش دەیـەوێت خـۆی هـەل بداتـە خـوارەوە بـۆ نـاو روبارەکـە، بـەلام پەلـەدەکات و کاتێـك خـۆی هـەلّ دەدات بـە دەم و چـاویدا دەکەوێتـە سـەر زەوی و توشـی خـوێن بـەربون و شـکانی ئێسـکی سـەری دەبێت و لە هۆشی خـۆی دە چـێت و پـاش ماوەیـەکی کـەم گیـان لەدەسـت دەدات ..

پـاش روداوەکـەش تیمێکـی سـۆڤیتی دەگەنـە عێـراق بـۆ لێکۆلینـەوەی روداوەکـە و دەردەکـەوێت هۆکـاری کەوتنـە خـوارەوەی فرۆکەکـە گرفتـی هونەری نەبووە، لـە دوایشـدا مەسـەلەکە سـاغ نەکرایـەوە و دەرنەکـەوت کـە هۆکاری راستەقینەی ئەو روداوە چی بووە.

پـاش بلاوبونـەوەی هەواڵەکـە حکومـەتی عێراقـی مەراسـیمی ناشـتنی بـۆ ئەنجام دەدات و له تەنیشت گۆڕی باوکی له مزگەوتی (نبی) لـە نزیـك شـاری فەلوجە بە خاك دەسپێردرێت..

عەبدولسەلام عارف لە ژیانی تایبەتی خۆیدا خاوەنی بڕوانامەی ماسـتەربووە لـە زانسـتی سـەربازیدا و ئـارەزوی وێنـەی فۆتـۆگرافی هـەبووە حەزیشـی بـە دروسـت کردنـی باخچـەی ناومـالّ کـردووە، لـە هـەمان کاتـدا زۆر حـەزی بـە فرۆکـەوانی کـردووە بـەردەوام سـەرقالی خوێندنـەوەی کتێبـی مێـژوویی فەلسەفی و سەربازی و سیاسی بووە ، ئەمە سـەرەرای خوێندنـەوەی کتێبـی

ئاینی و رۆمانی عەرەبی .. عارف حەزی زۆری بە دەنگی نازم غەزالی و ئوم کەلسوم و محمد عەبدولوەهاب کردووە و لەگەل ئەوەی هاندەری وەرزشی تۆپی پێ بووە و موعجیبی محمد عەلی کلای بووە ، هەروەك حەزی زۆری بە کۆکردنەوەی شتی دەگمەن ی وەك چەك و تەزبێحی بەبەها و بەرماڵ بووە ، و زمانی ئەلمانی و بەریتانی بە تەواوی زانیوە و قسەی پێ کردووە...

عەبدولسەلام عارف خاوەنی ئاراستەیەکی سیاسی دیاری کراو نەبووە تەنها هێندە نەبێت کە دەتوانین بلێین زیاتر بیروڕایەکی (عروبەیی) ئیسلامیی هەبووە، عارف شیوعی و بەعسی و کوردی سەرکوت کرد و کەمێك لە کەسانی بەرژەوەندی خوازی لە دەوری خۆی هێشتەوە ، لە سەردەمی دەسەلاتی دا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران ئالۆز بوو تا ئاستی پچڕانی پەیوەندی و بانگهێش کردنەوەی بالێۆزەکانیان لەلای یەکتر، بەوە تۆمەتبار کراوە لەبەرامبەر وەرگرتنی ٨٥ ملیۆن دۆلاردا وەك بەرتیل دانی نابێت بە دەوڵەتی کوێتی دا ئەمەش دوای ئەوەی قاسم داوای گەڕانەوەی کرد بۆ سەر عێراق، لە پاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەموز زیاتر دەیویست وەك کەسێکی شۆرشگێر دەربکەوێت و کەسایەتی یەکی سادەی هەبوو، تەنانەت هەندێك جار بۆ کرینی شت ومەك لە کەژاوەی ئۆتۆمبیلەکانی دادەبەزی و شتی دەکڕی،یاخود بۆ هەواڵ پرسینی هاورێیەکی کۆنی دەوەستا و سلاوی لێ دەکرد و لەگەلی رادەوەستا.... سەرەنجام عەبدولسەلام عارف بەهەموو ئەو سلبیات و ئیجابیاتانەی کە هەیبوو **ماوەی سێ ساڵ و دوو مانگ و چوار رۆژ** فەرمان رەوایەتی عێراقی کرد.

# عەبدولڕەحمان محمد عارف

**( ١٩١٨ -٢٠٠٧ )**



عەبدولرەحمان محمد عارف برای عەبدولسەلام محمد عارف كە بە سێ ساڵ لە عەبدولسەلام گەورەترە لە ساڵی ١٩١٨ لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٦ لە كۆلیژی سەربازی ئەو كاتە وەردەگیرێت و پاشان بە پلەی (مولازم ی دووەم) كۆلیژی ناوبراو تەواو دەكات و بە شێوەی پلەبەند لە بواری سەربازیدا پێ دەگات تا سەرەنجام لە ساڵی ١٩٦٤ دەگاتە پلەی (لیوا) و چەندین پۆستی گرنگی سەربازی وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٦٢ یش خانەنشین دەكرێت تا ئەوەی لە كودەتاكەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ جارێكی تر دەگەڕێتەوە بۆ بواری خزمەتی سەربازی ....

لە شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دا عارف وەك ئەفسەرێك بەشداری كردووە و لە دوای ئەوەی عەبدولسەلامی برای لە ساڵی ١٩٦٦ لە روداوی فرۆكەدا تیاچوو ، هێزو رەوتەكانی نێو دەسەلاَت و هێزە سەربازییەكان هەوڵیان دا لە جێگرتنەوەی عەبدولسەلام عارفدا پشك و رۆلیان هەبێت و لەم بوارەشدا دابەش بوون بەسەر دوو ئاراستەدا:

١- دەسەڵاتی سەربازی کە لایەنگری ئەوە بوون بۆ جیگرتنەوەی عەبدولسەلام عارف ، عەبدولرەحمانی برای دابنرێت کە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو ، ئەمەش لەلایەك کە برای عەبدولسەلام عارف بوە و لەلایەکی تریش بۆ درێژەدان بوو بەو بەرنامەو کارانەی عەبدولسەلام لەسەر دەمی دەسەڵاتی خۆیدا دایرشتبوو بۆ کار لەسەر کردنی..

٢- دەسەڵاتی مەدەنی کە لایەنگری دانانی (عەبدولرەحمان بەزاز) یان دەکرد تا ببێتە جێگرەوەی عەبدولسەلام عارف ، ئەمانەش رەوتێك بوون داوای کرانەوەیان دەکرد بە رووی رۆژئاوا و دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانی لەسەر شێوازی ئەوەی کە لەدەسەڵاتی پاشایەتیدا هەبوو..

هەربۆیەش لە کۆبونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتەی عێراقدا (٣) پالێوراو خرانە پێش دەست کە هەریەك لە ( عەبدولرەحمان عارف، عەبدولرەحمان بەزاز، عەبدزلعەزیز عوقەیلی فەرماندەی تیپی یەکەمی سەربازی) بوون، لە هەڵبژاردنەکەدا سەرەتا بەزاز دەردەچێت بە جیاوازی یەك دەنگ لەبەرامبەر پالێوراوەکانی تردا، بەڵام ئەم ئەنجامە دلخۆشکەر نابێت بۆ دەسەڵاتی سەربازی هەربۆیە سوردەبن لە سەردانانی عەبدولرەحمان عارف وەك جێگرەوەی براکەی و جارێکی تر هەڵبژاردنەکە دووبارەدەکرێتەوە و لە ئاکامیشدا بەزاز ناچار دەبێت لەبەرژەوەندی عارف لە هەڵبژاردنەکە بکشێتەوە و بەمجۆرەش عەبدولرەحمان عارف دەبێت بەسەرۆك کۆمار..

لە دوای دەست بەکاربوونی عارف، بەپێ ی دەستور لەبەر ئەوەی بەزاز پێشتر سەرۆك وەزیران بوو دەست لە کارکێشانەوەی خۆی بەرز کردەوە بۆ عارف بەمەبەستی پێکهێنانی کابینەی نوێ ی وەزارەتەکەی و پاشان لە

١٩٦٦/٤/١٨ واتــه پــاش رۆژێـك لـه دانـانی وەك سـەرۆك كۆمـار، بـەزازیش پێكهاتەیەكی نویێ ی كابینەكـەی دەخاتـە بەردەسـتی عـارف كـە تـەنها سـێ وەزیری كابینەی پێشووەكەی تیابوو، واتە ئەوانەی تر هەموو نویێ بـوون. لـە ماوەی دوو مانگی سـەرەتای دەسـەڵاتی دا عەبـدولرەحمان بـەزاز دەیویسـت جۆرێك لە سەربەخۆیی هەبێت، دیـارە ئەمـەش بـە پێـودانگی ئـەو پاشـخانە سیاسـی و لێهاتنـەی كـە هـەیبو ، هەربۆیـەش دەیویسـت كۆمـەلێك هـەنگاو هـەڵبگرێت، بـەڵام بـەهۆی هەلوێسـتی تونـدی سـوپاوە نـەیتوانی ئـەو كـارو هەنگاوانە هـەڵبگرێت كـە بریتـی بـوون لـە هـەنگاونان بـۆ هەڵبـژاردنی پـێش وەخت و زیاتر كردنی رۆڵی دەسەلاتی مـەدەنی و كـەم كردنـەوەی هـەژمونی سەربازی لە دەسەلاتدا، تا سەرەنجام ناچار كرا دەست لە كار بكێشـێتەوە ، ئەمە لـە كاتێكـدا بـوو تـازە بـە تـازە جولانەوەكـەی عـارف عەبـدولرەزاقیش لەلایەن سوپای عێراقییەوە سەركوت كرابوو كە بە پالپشتی میسر ئەنجامـدرا بۆ وەلا خستنی دەسـەڵاتی عـارف، هـەر ئەمـەش وای كـرد زیـاتر سـوپا رۆلی خۆی بسەپینێ و دەسەلات بگرێت بەسەر حوكمرانی دا پاڵنەرێك بـوو دەبـوا سـەرۆك وەزیرانـی داهـاتووش لـە بـاڵی سـەربازی بێـت، سـەرەنجام لـە ١٩٦٦/٨/١٦ عـارف (نـاجی تالیـب) رادەسـپێرێ بـۆ پێـك هێنـانی كابینـەی حكومەت ، ئەم كابینەیەش بـەردەوام بـوو لەسـەر دەسـەلات تـا ١٩٦٧/٥/١٠ ،پاش ئەوەی بە هۆی هەندێك كێشەی تایبەت بـە كابینـەی حكومەتەكەیـەوە دەستی لە كاركێشایەوە و پێكهێنـانی كابینـەی نـویێ ی حكومـەتیش خرایـە ئەسـتۆی خـودی عەبـدولرەحمان عـارف كـە سـەرۆك كۆمـاریش بـوو، بـەم جۆرەش پۆستی سەرۆك كۆمار و سەرۆك وەزیرانی وەرگـرت ، لـە سیاسـەتی

نویٚ ی حکومەتەکەشیدا عارف گرنگی زیاتری دەدا بە بارودۆخی نـاوخۆ وەك لە دەرەوە...

لـە ١٩٦٧/٧/١٩ پـاش ئـەوەی عـارف بـۆی دەکـەوت ناتوانێـت هـەردوو پۆستەکە لە یەك کاتدا بەریوە بەرێت ، دەستی لە پۆسـتی سـەرۆك وەزیـران هـەڵگرت و ( تـاهیر یـەحیا) ی راسـپارد بـۆ پێکهێنـانی حکومـەت ، هـەروەك ژمارەی وەزارەتەکانی کەمکردەوە بـۆ (٩ ) وەزارەت،بـەلأم تـاهیر یـەحیا ش نـــەیتوانی وەك پێویســـت ســـەرکەوتوو بێـــت لـــە پۆســـتەکەیدا و لەوبەرەنجامەشەوە سیٚ وەزیر لە کابینەکەی دەستی لە کارکێشایەوە بـەلأم پیش ئەوەی گۆرانکاری وەزاری بـۆ پرکردنـەوەی ئـەو سـیٚ پۆسـتە ئـەنجام بـدات کودەتـای ١٧ی تـەموزی ١٩٦٨ لـە لایـەن بەعسـیەکانەوە ئەنجامـدراو کۆتایی هێنرا بەدەسەلأتی عارف کە ماوەی **دوو ساڵ و دوو مانگ و بیست و نۆ رۆژی** خایاند..

دوای ئـەوەی لـە نیوەشـەوی ١٧ی تـەموزی ١٩٦٨ ئەفسـەرە بەعسـیەکان بەسەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر توانیان دەست بگـرن بەسـەر کۆشـکی کۆماریـدا، عەبـدولرحمان عـارف ناچـار کـرا تـا ولأت بـەجیٚ بهێڵـی بـۆ هـەر شوێنێك کە خۆی دیاری بکات، لەبەرامبەریشـدا عـارف ولأتـی تورکیـا دیـاری دەکات و بۆ رۆژی دواتر عەبدولرەحمان و ماڵ و خێزانەکەی رەوانەی تورکیـا دەکرێت و کۆتـایی دەهێنرێت بەدەسەلاتەکەی ، لەگـەڵ ئـەوەی عـارف داوای ئەوەشـی هـەبوو تـا کوڕەکـەی کـە ئەفسـەر بـوو لـە سـوپادا سـەلامەتبێت و مەترسی بۆ دروست نەبێت.

پاش ئەوەی تا سەرەتای ساڵانی هەشتاکان لەئەستەنبول مایـەوە ، صـدام حســـین رازی دەبێـــت بگەڕێتـــەوە ولأت و وەك ئەفســـەرێکی خانەنشـــین

دادەنیشێت و ژیان بەسەر دەبات، بەمجۆرە عارف بـە تـەواوی دور کەوتـەوە لە سیاسەت  و وەك تاکە سەرۆکێکی عێراق لـە سـەدەی بیسـت دا تـوانی بـە سـەلامەتی کورسـی فـەرمانرەوایی عێـراق بـەجێ بهێڵـێ کـە ناسـراوبوو بـە کورسی مەرگ،  لە عێراقیش مایەوە تا ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ عێراقـی بـەجێ هێشت و لە ئوردون نیشتەجێ بوو.

شـایانی باسـە عەبـدولرەحمان عـارف شـارەزایی بـواری سیاسـەتی نێـو دەوڵەتی نەبوو، لەسەردەمی دەسەڵاتیی دا هیچ جۆرە سیاسـەتێکی تایبـەت و ئاشـکرای نـەبوو تـا جیـای بکاتـەوە و پـێ ی بناسـرێتەوە ، هەرچـەند توانیبوی هەندێك لەو کارانە تەواو بکات کە عارفی برای دەسـتی پـێ کردبـوو بە تایبەت لە بواری ئاوەدان کردنەوەو پڕچەك کردنی سوپادا،لە هەمان کاتدا کەسێکی زۆر سادە و سـەلامەت بـوو و تەنانـەت زۆرجـار بـە تـەنها خـۆی بـە سەیارەکەی دەچووە بازار و شتی دەکڕی.. سروشتی دەسـەڵاتی ناسـراوبوو بە لێبوردەیی و هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەروازە بـەرووی نـەیارانی دا وهێنانـە کایەی جۆریك لە دیموکراسـی ، لەسـەردەمی دەسـەڵاتی عارفـدا ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی راوێـژکاری دامـەزار کـە ژمارەیـەك سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی عێراقی لە خۆ دەگرت کە هەندێکیان لە نەیارانی بوون، لە هەمان کاتدا و لـەو ماوەیەدا چەندین رۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆ دروست بوون. هـەروەها عـارف بە ناردنی چەند یەکەیەکی سەربازی بۆ ئـوردون بەمەبەسـتی وەسـتانەوە بـە رووی سوپای ئیسرائیلی دا، بەشداری جەنگی ئیسرائیلی سـاڵی ١٩٦٧ کـرد. سەرەنجام عەبدولرەحمان عـارف پـاش سـی نـۆ سـاڵ ومانگێـك وحـەوت رۆژ دورخسـتنەوەی لەدەسـەلات لـە ٢٠٠٧/٨/٢٤ هـەروەك چـۆن بـە هێمنـی سەرۆکایەتی وڵاتی کرد و بە هێمنیش دەسەڵاتی بـەجێ هێشـت و بـە هـەمان

شێوه و به هێمنی  له عه‌ممانی پایته‌ختی ئوردون و له ته‌مـه‌نی نـه‌وه‌د سـاڵی دا کۆچی دوایی کرد..

# ئەحمەد حەسەن بەكر

**(١٩١٤-١٩٨٢)**



ئەحمەد حەسەن بەكر ساڵی ١٩١٤ لە تكریت لە دایك بووە ، لە ساڵی ١٩٣٢ خانەی مامۆستایان تەواو دەكات و دادەمەزرێت بە مامۆستا و ماوەی شەش ساڵ سەرقاڵی وانە وتنەوە دەبێت لە قوتابخانە سەرەتاییەكاندا ، ساڵی ١٩٣٨ لە كۆلیژی سەربازی وەردەگیرێت و بە پلەی (مولازمی دووەم) تەواوی دەكات.

لە سەرەتای ژیانی سیاسیداو لە ساڵی ١٩٤١ دا بەشداری جولآنەوەی رەشید عالی گەیلانی دەكات دژ بە دەسەلاتی داگیر كاری ئینگلیزی و پاش كۆتایی هاتنی جولآنەوەكە دەستگیر دەكرێت و دەخرێتە زیندانەوە و لە دوایشدا خانەنشین دەكرێت تا ساڵی ١٩٥٧ كە دەگەڕێتەوە سەر كارەكەی .. لە دوایدا پەیوەندی دەكات بە رێكخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازەوە .. ساڵی ١٩٥٨ پلەی سەربازی بەرزدەكرێتەوە بۆ پلەی سەرهەنگ (عەقید) . لە مارسی ١٩٥٩ بە هۆی بەشداری كردنی لە جولآنەوەكەی شەواف لە موصل زیندانی دەكرێت و دواتریش ناچار بە خانەنشین دەكرێت ...

كاتێك لە زیندان‌دا بوو لەلایەن هەندێك لە كادیرەكانی حیزبی بەعسەوە هەوڵی لەگەڵ دەدرێت و دێتە نێو ریزەكانی بەعسەوە ، لەم بارەیەشەوە حازم جەواد كە بە ئەندازیاری كودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ دادەنرێت و

بەرپرسی حیزبی بەعس بووە لەو کاتەدا دەلێت:" کاتێك بەکر لە نێو زینداندا بوو لەلایەن هەندێك لە بەرپرسە بەعسیەکانەوە هەوڵی لەگەڵ درا تا بێتە نێو ریزی پارتی بەعسەوە، ئەو بەرپرسە بەعسیانە هەرچەند نوێژیان نەدەکرد بەڵام بۆ ئەوەی بەکر رازی بکەن تا پەیوەندی بە بەعسەوە بکات لە پشتی سەری بەکرەوە نوێژیان دەکرد..!! لە گەڵ ئەوەی پلەیەکی سەربازی باڵای هەبوو، بەکر لە ریزەکانی حیزبی بەعسدا درێژەی بە خەباتی سیاسی دا و لە کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ رۆلی بەرچاوی بینی و پاشان دەبێت بە سەرۆك وەزیران بۆ ماوەی (١٠) مانگ ،دوای ئەوەی لە ١٩٦٨/١١/١٨ عەبدولسەلام عارف کودەتایەك بەسەر بەعسیەکاندا دەکات و دوریان دەخاتەوە لە دەسەلات، بەکر پۆستی سەرۆك وەزیران لە دەست دەدات و پاشان بۆ ماوەیەك عارف دەیکات بە جێگری سەرۆك کۆمار، بەڵام بە هۆی شکلی بوون و بێ دەسەڵاتی ئەو پۆستەوە بەکر واز لە پۆستی جێگری سەرۆك کۆماری دینێ..

لە ١٧/تەموزی ١٩٦٨ ئەحمەد حەسەن بەکر و ژمارەیەك لە بەعسی یەکان و ئەفسەرە بەعسیەکان کودەتایەك دەکەن بەسەر دەسەڵاتەکەی عەبدولرەحمان عارف و دوری دەخەنەوە لە دەسەڵات وجارێکی تر بەعسیەکان دێنەوە سەر حوکم، لەم جارەیاندا بەکر دەبێتە سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش، بەم جۆرەش جارێکی تر عیراق دەگەرێتەوە ژێر دەسەڵاتی بەعسیەکان و (صدام حسین) یش دەبێتە بە جیگری بەکر، کە لە رێگە دامەزراندنی تۆڕی دەزگای ئەمنی ،سەدام زیاتر دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنێ و جیا لە بەکر دامەزراوەیەکی ئەمنی لە ناو حکومەتدا بۆ خۆی دروست دەکات..

له ١١ى ئازار ى ١٩٧١ ئەحمەد حەسەن بـەكر  و سـەركردايەتى كـورد ـ لـەو كاتـەدا ـ ڕێكەوتنامـەى ئـازار يـان ئيمـزا كـرد، لـە ١٩٧٢/٦/١ بـەكر بڕيـارى خۆماڵى كردنى نەوتى عێراقى دا،له ساڵى ١٩٧٣ پشتيوانى سـورياى كـرد لـە شەرى ئۆكتۆبـەردا  و بڕيـارى بڕينـى نـەوتى دا لـەو وڵاتانـەى كـە پشـتگيرى ئيسرائيليان كرد ، لەسەردەمى دەسەڵاتى دا بـەكر پەيوەنـدى لەگـەڵ وڵاتـى سۆڤييەت بەهێزتر كرد و لەهـەمان كاتـدا لـە رووى خوێنـدەوارى يـەوە زيـاتر پێشكەوت بە جۆرێك لەساڵى ١٩٧٧  دا ڕێكخراوى يونيسكۆ عێراقى لـە ريـزى ولاتانى ئەسكەندەنافيادا دانا ..

لەگەڵ بەرەو پێش چونى دەسەڵاتى بەكر وەك سەرۆك كۆمار، لـە تەنيشـتى ئەوەشدا صدام حسين ئيمپراتۆريەتى ئەمنى خـۆى زيـاتر گـەورە دەكـردو تـا سەرەنجام له كۆتـايى هەفتاكانـدا دەسـەڵاتى بـەكر زيـاتر وەك دەسـەڵاتێكى شكليى مايەوە ، سەرەنجاميش كاتێك بەكر بـەم مەسـەلەى زانـى و هـەولى دا له ڕێگەى دروست كردنى يەكێتى يەكەوە له نێـوان عـيراق و سـوريا ڕێگـە لـە هەژمونى پەرە گرتـووى صـەدام بگرێـت، بـەلام تـازە كـار لـە كـار ترازابـوو، هەربۆيەش بەكر نەيتوانى هيچ جموجوڵێكى ئـەو تـۆ بكـات ... سـەبارەت بـە وەرگرتنـــى دەســـەلات لەلايـــەن ســـەدام حســـينەوە ، جـــەواد هاشـــم لـــە بيرەوەرييەكانى دا نوسيويەتى :

كاتــژمێر (١٠) رۆژى ١٩٧٩/٧/١٦ بـوو، كۆبونەوەيـەك لـە مـاڵى  (خێراللـە تولْفـاح) ى خـەزورى سـەدام بـەرێوە چـوو، لـەو كۆبونەوەيـەدا هەريـەك لـە ئەحمـەد حەسـەن بـەكر و هەيسـەمى كـوڕى بانگهێشـت كرابـوون، لەلايـەن بنەماڵـەى تولفاحيشـەوە سـەدام و عـەدنان خێراللـە ئامـادەبوون، سـەرەتا تولفـاح مەبەسـتى كۆبونەوەكـە دەخاتـە روو وەرگرتنـى پۆسـتى سـەرۆك

کۆماربووه لەلایەن سەدامەوە، کاتێکیش بەکر بەم مەسەلە دەزانێت ئێجگار توڕە و نیگەران دەبێت و هەیسەمی کوڕیشی هێندەی تر توره دەبێت و دەمانچەکەی دەردێنیّ و تەقە دەکات و لە ئاکامدا عەدنان خیرالله برینداردەکات، بەلام سەدام دێتە ناومەسەلەکەوە و بە بەکر دەلێت "باشتر وایە خۆت بدەیت بەدەستەوە چونکە هیچ دەسەلأتێکی ئەوتۆت نەماوە و جلّەوی دەسەلأت بەشێوەیەکی راستەقینە لە دەستی مندایە" ..کاتێکیش بەکر دلّنیا دەبێت لەوەی کە هیچی پیّ ناکرێت، ناچار رازی دەبێت و سەدام پیّ ی دەلّێت دەبێت لەوتاری یادی ١١ سالّەی ١٧ ی تەموزدا رای بگەیەنیت کە لەبەر باری خراپی تەندروستیم ناتوانم دەسەلأت بەرێوەبەرم و تەسلیمی دەکەم بە سەدام حسین...

بەهەمان ئەو شێوەیەی داوای لیّ کرابوو، بەکر وتارەکەی خوێندەوە و دەسەلأتی بە شێوەیەکی رەسمی تەسلیم بە سەدام کرد کە **ماوەی دەسەلأتی بەکر یانزە سالّی** خایاند .. دواتر بەکر لە لایەن سەدامەوە خرایە ژێر مانەوەی زۆرە ملیّ (اقامە جبری) یەوە وتا سەرەنجام لە ١٩٨٢/١٠/٤ کۆچی دوایی کرد.. هەرچەند هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆکاری مردنەکەی بەکر بریتی بووە لە ژەهر خوارد کردنی ، ( هەیسەم) ی کوری بەکریش هەروەك (صلاح عمر علی ) لە یاداشتەکانی دا باسی دەکات لە رێگەی ئەنجام دانی رووداوی ئۆتۆمبیل کە لە دواید و لە لایەن دەزگا موخابەراتی یەکانی سەدامەوە بۆی رێکخرابوو لە بەغداد کوژرا..

دەربارەی کەسایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر جەواد هاشم لە یادەوەرییەکانی دا دەنوسێت: هەر لە سەرەتای دەسەلأت گرتنی حیزبی بەعس بە سەر عێراقدا ئەوە رون بوو کە بەکر کەسی یەکەم نیە لە سەرکردایەتی کردنی

ولأتدا بەسەر جەم ئـەو دەسـەلاتانەی کـە هـەیبوو، بـەڵکو بـەکر وەك کەسـی دووەم مامەڵەی دەکرد، بەکر کەسێکی سادە و موتەزایع بـوو لـە مـاڵ و جـل وبەرگ و مەسەلەی ناو خێزانی دا، زۆر سـادەش بـوو لـە کاروبـاری ئـابوری و دارایی دەوڵەتـدا تەنانـەت سـادەیی یەکـەی لـەم بـوارەدا دەگەیشـتە ئاسـتی ساویلکەیی ولە هـەموو شـتێکی گـەورە و بچـوکدا قسـەی هـەبوو، لـە هـەمان کاتــدا لەبــەر ئــەوەی نەخۆشــی شــەکرەی هــەبوو ، ئــەم نەخۆشــی یــەش کاریگەری هەبوو لەسەر بیر کردنەوەی مرۆڤ و میزاجی ، هەربۆیەش زۆر بـە خێرایی هەڵدەچوو تـورە دەبـوو، پاشـان زۆر بـە خێـرایش هیـور دەبویـەوە، تەنانەت لە کاتی هەڵچونی دا بەپەلە بریارێکی دەردەکرو پاش سـەعاتێك لـە هێور بونەوەی بریارەکەی هەڵدەوەشاندەوە..

بەکر کەسێك بوو هەرگیز ئارەزوی لەهیچ جـۆرە وەرزشـێك نـەدەکرد بـەڵکو تاکـە هیوایـەتی بریتـی بـوو لـە گـویٚ گـرتن لـە گـۆرانی میللـی و بـۆ ئـەم مەبەستەش ئامێری رادیو و تەلەفزیۆن هەمیشە لـە نوسـینگەیدا هـەبوو، زۆر جاریش لە کاتی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشـدا بـە کـاری دەهێنا، زۆر حەزی بە دەنگی گۆرانی بێـژە میللـی یـەکانی وەك (سـویحلی و عەتابە و نایل) بوو، ئەو گۆرانی بێژەشی کـە زۆر گـۆرانی یـەکانی بەلایـەوە خۆش بوو (مەلا زەیـف جبـوری) بـو کـە پاسـەوانی وێسـتگەیەکی کارەبـابوو ،پاشان بوو بە ئەستێرەیەکی نێو ئێستگە و تەلەفزیۆنی عێراقـی لەبـەر ئـەو ئیعجابـەی کـە بـەکر بـۆی هـەبوو، ئەمـەش وای کردبـوو کـە زۆر لـە شاشـەی تەلەفزیۆنەوە دەربکەوت..

جارێکیــان بــەکر بانگهێشــتی کــردین بــۆ کۆبونەوەیــەکی ئەنجومــەنی سەرکردایەتی شـۆرش بـۆ تـاوتویٚ کردنـی کـارو بـاری پلانـی ئـابوری ، لـەو

کاتەشـدا تەلەفزیۆنەکـە ئیشــی دەکـرد و گـۆرانی بێـژێکی میللــی بـە نـاوی (عبدالصـاحب شـراد) گـۆرانی دەوت، ئێمـەش لـە گەرمـەی گفتوگـۆ کردنــی پلانەکەدا بوین ، خێرا بەکر تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بە تورەییەوە تەلـەفۆنی کرد بۆ بەرێوەبەری گشتی ئێستگە و تەلـەفزیۆن کـە ئـەو کاتـە ( موحەمـەد سـەعید صـەحاف) بـوو، بـە تورەییـەوە پـیێ ی وت ئـەو گـۆرانی بێـژە رەزا قورسە کێ یە ؟ خێرا دووری بخەنەوە لە تەلەفزیۆن..! جەواد هاشـم دەلێـت لەو شـەوەوە تـا ئـەو کاتـەی بـەکر مـرد ئـەو گـۆرانی بیـژە لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆن دەرنەکەوت..

ئەمە نمونەیەك بوو لە بڕیارە سەر پیێ یەکانی بەکر کە لەگـەڵ پۆسـتەکەیدا نەدەگونجا ، بەڵام بۆ زۆرێك لە بڕیارەکانی رەهەندی مرۆییانەی هـەبوو ، کـە لە یەك کاتدا بەڵگەبوون لەسەر سادەیی ساویلکەیی بەکر..

# سەدام حوسين

**( ١٩٣٧-٢٠٠٦ )**



سەدام حوسين عەبدولمەجيد تكريتی لە ١٩٣٧/٤/٢٨ لە گوندی (عۆجـە) ی سەر بە پارێزگـای صـلاح الـدين لـە خێزانێـك كـە سـەرقاڵی كـاری كشـتوكاڵی بوون لە دايك بووە ، صدام هەرگيز باوكی نەبينيوە و پێش لە دايك بوونی بـە پێنج مانگ باوكی دەمرێت،دايكيشی واتە (صـوبحە تولفـاح) دوو جـار شـوی كـردووە ... پـاش ماوەيـەكی كـەم لـە مردنـی بـاوكی، برايـەكی سـەدام كـە تەمـەنی دوانـزە سـاڵ بـووە بـە هـۆی نەخۆشـی شـێر پەنجـە وە دەمرێـت و ئەمەش كاريگەری دەرونی قورس لە سەر (صـوبحە تولفـاح) دروسـتدەكات و تا دەيگەيەنێتە ئەو رادەيەی هـەوڵی لـە بـاربردنی كۆرپەلەكـەی بـدات واتـە (صـدام) پـاش ئـەوە دايكـی سـەدام شـوو دەكـات بـە (ئيـبراهيم حەسـەن تكريتـی) بـرای هاوسـەرەكەی پێشـووی و سـێ كـوڕی تـری دەبێـت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامەڵەی ئيبراهيم حەسەن لەگەڵ سەدام زۆر توندو تيـژبووە .

له تەمەنی ١٠ ساڵی دا صەدام دەچێتە لای خاڵی واتە (خێراللـه تولفـاح) و لەوێ دەژی، و سەدام هەروەك خۆی دەلێت لە خاڵییەوە شتی زۆر لـە ژیـانی دا فێربووە..

لەســەرەتای پەنجاکانــدا و لەگــەڵ گەشەســەندنی هەســتی نەتەوایــەتی و وەستانەوە لە دژی ئیستیعماری بەریتانی و لـە هـەمان کاتـدا گەشـە کردنـی حیزبی بەعس وەك پارتێکی نەتەوەیی لـەو سـەردەمەدا ، سـەدامیش ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی دەکات بە ریزەکانی ئەو پارتەوە و تیایدا درێژە بە چـالاکی یە سیاسیەکانی دەدات..

پاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەموزی سـاڵی ١٩٥٨ صـەدامیش مـەحکوم دەبێـت بـەو سیاسـەتانەی کـە بـەعس گرتبویـە بـەر و کـاتێکیش بـەعس و دەسـەلآتی قاسـم نـاکۆکی دەکەوێتـە نێـوان و لـەو بەرەنجامەشـەوە لـە ٧ ئۆکتۆبەری ١٩٥٩ پارتی بەعس پیلانی تیرۆرکردنـی قاسـم ئـەنجام دەدات و سەدامیش یەکێك دەبێت لە کاراکتـەرە سـەرەکی یـەکانی ئـەو پیلانـە، بـەلاّم بەهۆی ئەوەی پیلانەکە سەرکەتوو نابێت و سەدامیش بریندار دەبێت، ناچـار سەدام عێراق رووە و سوریا بەجێ دەهێلێت و دواتـر دەچێتە میسـر و هـەر لەوێش خوێندنی دواناوەندی تەواو دەکات.. لە یاداشتەکانی دا حـازم جـەواد یەکێك لە بەرپرسـەکانی ئەوکاتـەی پـارتی بـەعس دەلێـت: بەشـداری کردنـی سەدام حوسێن لە پیلانی تیرۆر کردنی قاسم شـتێکی کتـو پـڕ و سـەیر بـوو، چونکە کاتێك پیلانەکە دارێژرا سەدام بەشدار نەبوو، بەلاّم بە هۆی پەشـیمان بونەوەی یەکێك لەوانەی کە بەشداری پیلانەکەی خرابووە ئەسـتۆ، ناچـار بـە پەلە داوای کەسێکی ترمان کرد و لەو کاتەشدا سەدام دەست نیشان کـرا کـە گەنجێکی نەناسراوی تازە پێگەیشتوو بـوو، پـاش ئەوەشـی کارەکـە ئـەنجام

درا و سەدام هەڵهات و گەیشتە سوریا لەوێ بۆ ڕێز لێ نان لەو هەوڵە سەدام بە دەر لە میکانیزمی ئەندام وەرگرتن لە پارتی بەعس ، دەکرێت بە ئەندامی فیعلی ئەو پارتە و سوێندی ئەندام بونی لە سوریا دەخوات...

پاش ئەوەی کودەتای ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ ی بەعسیەکان بەسەر دەسەڵاتەکەی قاسم دا سەردەکەوێت، سەدام دەگەڕێتەوە بۆ عێراق تا لە نوسینگە جوتیارانی سەر بە حیزبی بەعسدا کار بکات ،بەلاًم بەهۆی کودەتای تشرینی دووەمی عەبدولسەلام عارف بەسەر بەعسیەکاندا و دور خستنەوەیان لە دەسەلات، دواتر سەدامیش دەستگیر دەکرێت و دەچێتە زیندانەوە و پاشان هەر لە زینداندا سەدام وەك جێگری ئەمینداری گشتی حیزبی بەعس هەڵدەبژێررێت.. سەدام ئەندامی کۆنگرەی چوارەمی سەرکردایەتی نەتەوایەتی و ئەندامی کۆنگرەی شەشەمی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس بووە لە ساڵی ١٩٦٣ و دواتر ئەندامی کۆنگرەی هەرێمایەتی ساڵی ١٩٦٤ بووە و پاشان بوەتە ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٥ ..

لە کودەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ سەدام حسین یەکێك بووە لە بەشداربوانی ئەو کودەتایە و شان بە شانی ئەحمەد حەسەن بەکر کاری کردووە، پاش سەرکەوتنی کودەتاکەش بە ماوەیەکی کەم لە سیناریۆیەکدا دەبێتە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و هەر لەوێشەوە و لە میانەی دامەزراندنی دەزگای ئەمنی و هەواڵگری و کارکردنی جدی لەسەر ئەم بوارە و پەل هاویشتنی بۆ سەرجەم بوارەکانی حکومەتداری لەو کاتەدا بەتەواوی و لە ماوەی ١٠ ساڵدا سەدام بە تەواوی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە دەکات، لەم بارەیەشەوە (جواد هاشم) لە یادەوەرییەکانی دا

بەناوی (مذكرات وزير عيراقى مـع بكـر وصـدام) دەنوسـێت" ئـەو هەنگاوانـەی كەسـەدام دەيهاويشـت بـۆ دەسـەلآت گـرتن بەسـەر سـەرجەم دەزگاكـانی دەوڵەتدا بە شێوەيەكی رەها پێويستی بە بیر كردنـەوە و بەرنامـە رێـژی ورد هەبوو،تاهـەموو ئـەو پـلان و نەخشـەو هـەنگاوەكان پێكـەوە ببەسـتێتەوە و بگاتە ئامانجی خۆی كە دەست گرتن بوو بەسەر دەسەلآتدا..

سەرەتا سەدام نەخشەيەكی وردی دارشـتبوو بـۆ دامەزرانـدنی سـەرجەم ئـەو كيانە جۆراوجۆرانەی كە دەيويسـت كاريـان لەسـەر بكـات ئەمـەش لـە سـاڵی ١٩٦٨ ەوە دەستی پێكـرد و ئامـانجی سەرەكيشـی بريتـی بـوو لـە كـۆنترۆل كردنـی بونيـاتی ئيـدارەی دەوڵـەت و كۆكردنـەوەی دەسـەلاتەكان تـەنها لەدەسـتی خۆيـدا وئـيتر بەرپرسـيارێتی يـەكانی بێـت وەك جێگـری سـەرۆكی ئەنجومـەنی سـەركردايەتی شـۆرش ، يـاخود كاتێـك كـە دەسـەلآتی يەكـەمی ولاتی گرتە دەسـت و بوبـە سـەرۆك كۆمـار و سـەرۆكی ئەنجومـەنی وەزيـران وفەرمانـدەی گشـتی هێـزە چـەكدارەكان و لـە حيزبيشـدا گەيشـتە پۆسـتی ئەميندارى گشتی سەركردايەتی هەرێمايەتی پارتی بەعس.

هـەنگاوی يەكـەمی سـەدام لـەم بـوارەدا لـە رێگـەی پێكهێنـانی نوسـينگە راوێژكارييەكانەوە و لە چوارچێوەی ئەوەی ناسرابوو بـە بـالآترين دەسـەلاتی ولات، كــە ئەنجومــەنی ســەركردايەتی شــۆرش بــوو، لــەم بارەيەشــەوە ئەنجومەنی ناوبراو پاش چـەند مانگێـك لـە پێكهێنرانـی ، بڕيـاری پێكهێنـانی نوسينگە راوێژكارييەكانيدا بەلام بیٚ ئەوەی ئەوبريارانە ئەركی ئەونوسـينگانە و پەيوەندييانــە بــە دەزگاكــانی تــری دەولەتــەوە ديــاری بكــات، يەكــەمين نوسـينگەيەكيش كـە دامـەزرا (نوسـينگەی پەيوەنديـە گشـتی يـەكان ) بـوو بەسەرۆكايەتی سەعدون شـاكر و پاشـان ئـەم نوسـينگەيە گـۆڕا بـۆ ئيـدارەی

موخابەراتی گشتی و راستەوخۆ سەدام حسین سەرپەرشتی دەکرد، هیچ کەسێکیش لە ئەندامان و سروشتی کاری ئەو دەزگایەی نەدەزانی، بەم جۆرەش سەدام لەم رێگەیەوە پەلی هاویشت تا سەرەنجام زۆربەی زۆری دەزگاکانی دەولەت کۆنترۆل بکات و لە سالی ١٩٧٢ یشەوە سەدام دەستی گرت بەسەر سەرەداوەکانی سیاسەتی ئابوری نەوت ئەمەش پاش ئەوەی توانی خۆی لە سالح مەهدی عەماش رزگار بکات و خودی خۆی سەرپەرشتی ئەم بوارەشی دەکرد...

پاش کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکانی کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی پارتی بەعس لە ١٩٧٤/١/١٢ سەدام وەك جێگری رازگری سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعس هەڵبژێرا،پاش چەند مانگێکی کەم سەدام سەرجەمی تەواوی سەرە داوەکانی دەسەلأتی کەوتە دەست و لەو ساتەش بە دواوە کێرڤی دەسەلأتی بەکر بەرەو خوار کشاو وای لێ ی هات خۆی یەکلا کردەوە بۆ کێشە و گرفتە خێزانی یەکانی و پاش ئەوەی خێزانەکەی بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد کەئەمەش کاریگەری زۆری دەرونی بە جێ هێشت لەسەر بەکر و باری تەندروستی ناوبراو بەوجۆرەش کەم کەم بەکر لە دەسەلأت دورکەوتەوە و تەنانەت کەمتر دەیتوانی بەشداری کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیش بکات، تا ئەوەی لە سالّی ١٩٧٧ گەیشتە ئاستێك هەموو وەزیرەکان پەیوەستبن بە سەدام حسینەوە و پاشان سەدام بیرۆکەی تەلەفۆنی راستەخۆی هێنایە کایەوە و دانانی رۆژێك لە هەفتەیەکدا بۆ موقابەلە کردنی لە لایەن هاولأتیانەوە ئەمەش وای کرد سەدام ببێتە مانێشتی سەرەکی هەوالّەکانی ولات ، سەرەنجام لە ١٧ی تەموزی سالی ١٩٧٩ بەرەسمی دەسەلات لە ئەحمەد حەسەن بەکر وەردەگرێت و دەبێتە

سەرۆك كۆماری عێراق و بەكریش دەخاتە ژێر ئیقامەی جەبرییەوە ،لە دوای ئەوەش لە كۆبونەوەیەكی بەرفراوانی حیزبی بەعسدا كە هەموو سەركردەو بەرپرسە بالأكانی ئەوكاتەی بەعسی تیابەشداربوو، سەدام لە سیناریۆیەكدا هەرچی ئەو بەرپرس و سەركردانە بوو كە ترسی لێ یان هەبوو، هەمویانی لە ناوبرد كە ژمارەیان بە٥٤ سەركردە و زیاتر لە ٤٠٠ كادێری پارتی بەعس مەزندە دەكرا.

پاش سەركەوتنی شۆرشی ئیسلامیی لە ئێران و بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئالۆزەی لە نێوان سەدام و ئایەتولاْ خومەینی دا هەبوو، سەرەتای پێكدادانی سەربازی سەری هەڵدا بۆ ماوەی ١٠ مانگ لەسەر مافی خاوەنداریێتی رێرەوی (شەت و لعەرەب) ، لەم بەرەنجامەشەوە سوپای عێراق پەلاماری ئێرانی دا وهێرشی كردە سەر فرۆكەخانەی میهرابادی نزیك شاری تاران و توانی بچێتە قولأیی دەیان كیلۆمەتر ی خاكی ئیرانی لە ناوچەكانی ئەهوازی دەوڵەمەند بە نەوت لە ٢٢/ ١٩٨٠/٩ و لەو كاتەشدا سەدام خوزستانی وەك پارێزگایەكی تازەی عێراقی راگەیاند، لە میانەی ئەو شەرەشدا كە ماوەی هەشت ساڵی خایاند ئەمریكاو زۆرێك لە ولاتانی رۆژئاوایی و یەكێتی سۆڤیەت پشتی عێراقیان گرت و هاوكارییان كرد...لەسەرەتای شەرِدا عێراق خۆی لە ئاستێكی سەركەوتویدا دەبینییەوە بەلام بەهۆی ئەو لێشاوە مرۆییەی كە ئێران رەوانەی بەرەكانی شەری دەكرد بە هێواشی كێرڤی شەر لە زیانی لایەنی عێراق بەرزدەبوویەوە تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە سەدام بەدوای رێگەچارەیەكدا بگەرێت بۆ كۆتایی هێنان بەو شەرە و كاتێكیش عێراق دەیزانی ناتوانێ رێگە بە شالاوی سوپای ئێرانی بگرێت، پەنای برد بۆ كار هێنانی چەكی قەدەغەكراوی

نێودەوڵەتی لە شەرەکاندا و تا سەرەنجامیش پەلاماری شاری هەلەبجەی دا لە ١٩٨٨/٣/١٦بەچەکی کیمیاوی و بووبە مایەی شەهید بوونی (٥) هەزار هاولاتی وبریندااربوونی ١٠ هەزار هاولاتی تر..

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت سالەی عێراق ئیران لە ١٩٨٨/٨/٨ ، عێراق بە(٧٥ بلیۆن) دۆلار قەرزەوە هاتە دەرەوە ، ئەمەش وای کرد تا ئیحراجییەك بۆ سەدام دروست بکات لای ولاتانی زلهێزی ئەوکاتە بە تایبەت ئەمریکا و سەرەرای ئەوەی سەدام قەرزێکی گەورەی کردبوو لە ولاتانی عەرەبی لە کاتی شەردا و ئەوانیش داوایان دەکردەوە و لە هەمان کاتیشدا ژێرخانی ئابوری عێراق بە تەواوی داروخابوو،هەمو ئەمانەش وایان کرد تاسەدام مەسەلەی کویت زیندوو بکاتەوە بەوەی کە بەشێك بووە لە عێراق و بۆ ئەم مەبەستەش چەند برو بیانویەکی هێناوەو سەرەنجام عێراق لە ١٩٩٠/٨/٢ پەلاماری کویتی دا و لە ماوەیەکی کەمدا داگیری کرد..

پاش چەندین هەوڵی نێودەولەتی بۆ کشانەوەی عێراق لە کویت و بێ ئاکام مانەوەی ئەو هەولانە ، ناچار لە قۆناغی یەکەمدا ئەنجومەنی ئاسایش گەمارۆی ئابوری سەپاند بەسەر عێراقدا و لە بەرەبەیانی ١٧ ی کانونی دووەمی ١٩٩١ یشدا پەلاماری سەربازی بۆ سەرعێراق دەستی پێکرد و لە ماوەی کەمتر لە مانگێك عێراق لە کویت دەرکراو تەسلیم بوو، هیزەکانی هاوپەیمانایش توانیان بگەنە باشوری عێراق ، بەلام بەهۆی دەست پێکردنی راپەرینەکانی شیعە لە باشورو کورد لە باکوور، ئەمریکا هێرشەکانی راگرت و رێگەی دا بەسەدام تا سەرکوتی ئەو راپەرینانە بکات دواجار راپەرینەکانی باشور سەرکەوت کران و کۆرەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ یش بۆ کورد هاتە

کایەوە کە دواجار بریاری ٦٨٨ ی بواری مرۆیی ئەنجومەنی ئاسایشی بە دوای خۆیدا هێنا.

لە ١٩٩٥/١٠/١٥ لە میانەی ریفراندۆمێکدا سەدام بەریژەی ٩٩٪ پۆستی سەرۆکایەتی عێراقی بۆ خۆی نویێ کردەوە..

لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢شدا سەدام بە رێژەی ١٠٠٪ لە ریفراندۆمیکدا جارێکی ترپۆستی سەرۆکایەتی عێراقی بۆخۆی نویێ کردەوە .

پاش روداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر حکومەتی ئەمریکا سەدامی بە هەبونی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە تاوانبار کرد ئەمە سەرەرای تاوانبار کردنی بە شاردنەوەی چەکی کۆکوژ، تائەوەی لە دوایدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لیێ کەوتەوە بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣/٣/٢٠ و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا دەسەلاتی سەدام روخاو سەدامیش خۆی شاردەوە ..

سەدام ماوەیەکی زۆر خۆی شاردەوە و پاشان لە رێگەی کاسێتی دەنگییەوە پەیامەکانی خۆی ئاراستە دەکرد و لەبەرامبەریشدا سوپای ئەمریکا بەردەوام لە هەوڵی گەران و کێو مال کردندا بون بەمەبەستی دەستگیر کردنی ، تا سەرەنجام لە ١٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٣ سەدام لە حەشارگەیەکدا لە پارێزگای تکریت دەستگیر کراو لە دیمەنێکی چاوەروان نەکراودا سوپای ئەمریکا لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە نیشانیان دا..

لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ دادگای بالای تاوانەکان دەستی کرد بە دادگایی کردنی سەدام لەسەر دۆسیەی دوجەیل کە بەیەکەم دۆسیەی دادگاکە دانرابوو، هەرچەند سەدام دانی نەدەنا بەشەرعیەتی دادگاکەدا بەلام پاش نزیکەی ٤١ دانیشتنی دادگا لەسەر ئەو دۆسیەیە، لە ٢٠٠٦/١١/٥ سەدام بە

فەرمانی لەسێدارەدان حوکم درا لەگەڵ هەریەك لە بەرزانی تکریتـی زڕبـرای و عەواد بەندەر ی سەرۆکی دادگای شۆڕش ی سەردەمی سەدام، پاش ئـەوەی لـە ٢٧ی مـانگی کـانونی یەکـەمی ٢٠٠٦ فـەرمانی لـە سـێدارەدانەکە لەلایـەن دەستەی تەمیزییەوە موسادەقەی لەسەر کراو ، سەدام حسین لەبەرەبـەیانی رۆژی ٣٠ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ کە هاوکاتی یەکەم رۆژی جـەژنی قوربـانی بوو لەسێدارەدراو و هەڵایەکی گەورەی نێو دەولەتی بـە دوای خۆیـدا هێنـا.. بەم جۆرەش سەدام وەك سەرۆك کۆماری عێراق **ماوەی بیست و سێ سال و هەشت مـانگ و بیسـت و پێـنج رۆژ** جلـەوی عێراقـی بەدەسـتەوە بـووو کـە سەردەمی دەسەلاتی ناسراوبوو بە توندو تیژی و تۆقاندن و سـەرکوت کـردن و پەلامارداني ولاتانی دراوسێ و بە کارهێنانی چەکی کۆکوژ ...

حامـد الجبـوری وەزیـری کاروبـاری سـەرۆکایەتی کۆمـار و راگەیانـدن و رۆشنبیری و دەرەوە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسـیندا دەربارەی کەسایەتی سەدام دەلێت: هەمیشە سەدام حساباتی خـۆی لەسـەر بنەمای گومان دادەڕشت، کەسێك بوو گومانی لە دەوروبەری دەکرد، لەسـەر ئەو گومانانەش حوکمی لە سێدارەدان و زیندانی کردنی نەیارانی دەردەکـرد. سەدام بەشێوەیەکی سەرنج راکێش گرنگی دەدا بەمەسەلەی حاڵـەتی ئـەمنی خـۆی و شـوێن پـێ هـەڵگرتنی نـەیارەکانی ، لـێم بیسـتبوو کـە دەیـوت" لـە ریگەی سـەیر کردنـی چـاوەکانیانەوە توانـای ئاشـکرا کردنـی نهێنـی یـەکانی بەرامبەرەکەم هەیە " سەدام دروشمێکی هـەبوو ، هەمیشـە دەیـوت ئەوانـەی لەگەڵم کاردەکەن هەموو شتێکیان لـەبارەوە دەزانم، تەنانـەت دەزانم بـیر لـە چی دەکەنەوە ، بەردەوام هەمیشە وای نیشان دەدا کە ئەوانەی دەوروبـەری لە ژێر چاودێریدان، ئـەوەش بـۆ ئـەوەی زوو لـە مەبەسـت و وەلائیـان بگـات،

هەنـدێك جـار ئامـاژەی بـەوە دەدا كـە راپـۆرتی نوسـراوی لایـە دەربـارەی كەسانی دەوروبەری تا پێش وەخت بـە خۆیانـدا بچـنەوە و وەلائیـان راسـت بكەنەوە گەر كەم و كورتی تیـدابێت، جارێـك بـانگی كـردم بـۆ نوسـینگەكەی خـۆی و راپـۆرتێكی پـیٚ دام وتـی لـە نوسـینگەكەی خۆتـدا بیخوێنـەرەوە و دواتر رای خۆتم لەبارەیەوە پیٚ بلیٚ، رۆشتم و دەسـتم كـرد بـە خوێندنـەوەی راپۆرتەكە، توشی سەرسورمان هاتم، راپۆرتەكە دەیوت: (( هەندێك لایەن لـە نـاو سـوپای عێراقـی دا حامیـد جبـوری یـان راسـپاردوە بـە هاوكـاری لەگـەڵ شـەفیق دەراجـی تـا بـەرێز جیگـری سـەرۆك (سـەدام پـێش ئـەوەی ببێـت بەسەرۆك كۆمار) تیرۆر بكەن ، ئەوەش لە چوارچێوەی پلانێكدا كـە جبـوری دەسەلاّت بگرێت بەسەر ئەنجومـەنی نیشـتمانی و دەراجـیش دەسـت بگرێـت بەسەر كۆشكی كۆماری دا ، چـونكە هـەردوو كەسـەكە(جبـوری و دەراجـی ) خاوەنی دۆست و لایەنگرن لەناو ریزەكانی سوپا و گاردی كۆماری و دەزگـای هەوالگری دا)).

خێرا بەپەلە رۆشتم بۆ لای سەدام حوسێن و پیٚ ی وتم چیت لیٚ هـەڵێنجا؟! پێم وت من بڕوام وایە هەندێك لایەن دەیانەوێت گومان لـە وەلائـی مـن بكـەن بۆ ئەوەی بم خەن، لە وەلامدا توشـی سەرسـومان هـاتم كاتێـك وتـی" راسـت دەكەیت" دوای ماوەیەكی زۆر كاركردنم لەگەڵی دا بۆم دەركـەوت كـە خـۆی لە پشت ئەو راپۆرتانەوەیە، تاقیكردنەوەیەكی تری مـن كـە زۆر سـەخت بـوو لەسەر دەستی بەرزانی تكریتی هاتە ئاراوە ، لە ژێـر باڵەخانـەی ئەنجومـەنی نیشتمانی دا ژێر زەمینێك هەبوو، بەرزان پیٚ ی وتم " كەسـێكمان دەسـتگیر كردوە بە ناوی عەدنان فەیلی و بە پانكەدا لە ژێر زەمینەكە هەڵمان واسیوە وباسـی لـەوە كـردوە كـە لەگـەڵ تـۆ بەشـداری پیلانێكـی كـردوە دژ بـە

دەسەڵات" لە راستی دا من عەدنان فەیلیم دەناسی ، بەڵام ساڵانێکی زۆربوو کە نەمبینی بوو، ئیتر چۆن دەبێت تان پۆی پیلانێکم لەگەڵ کەسێکی لەو جۆرەدا بۆ بچنن کە ماوەی چەند سالێك بوو نەمبینی بوو؟!

سەدام حوسێن کەرەم و بەخشندەیی خۆی بەسەر دەوروبەری دا دەرشت بەڵام لەبەرامبەردا داوای وەلائی رەها و تەواوی لێ دەکردن، هەرگیز رازی نەبوو بە وەلائێکی نیوە و کەم و کورت، هەروەك بڕواشی بە چارەسەری نیوەو ناچڵ نەبوو، چارەسەری یەکلا کەرەوەی بۆ مەسەلەکان دەکرد ، بواری بە بەرامبەرەکەی نەدەدا تا هەناسەیەك بدات و بیر بکاتەوە ، لە هەمان کاتدا ئەو توشی نەخۆشی خۆ بەگەورە زانین ببو، پێ ی وابوو کە ئەو کەسێکی ئاسایی نیە، رۆڵی ئەو لە روبەری عیراق گەورە ترە، هەمیشە شەیدا و عاشقی خۆی بوو، جارێکیان کاتێك سەیری روباری دیجلەی دەکرد، وتی" خۆزگا خودا بە تەنها هەر منی بەدی بهێنایە، تەنها سەدام بێ خێزان و براو کوڕ و کەس و کار" ئەو دەیویست پاڵەوانێك بێت کە پەیوەست نەبێت بە هیچ شتێکەوە ، دیارە ئەمەش سەرکەشی یەکی ناسروشتی یە، ئەو زۆر گرنگی بە خۆی دەدا، کەم قسەی دەکرد، خۆی وادەبینی کە رۆلێکی مێژوویی هەیە و هەر بۆیەش دوو دڵ نەبوو لە سڕینەوە و لابردنی ئەو شتانەی دەهاتنە رێگەی ، دەکرێت هەر لێرەوەش ئارەزوی زیادەروی ئەو لە توندو تیژی سەرچاوەی گرتبێ، سەدام کاتێك توڕە دەبوو، توڕەبونەکەی زۆر ترسناك بو و بەڵام بە خێرایی کۆنترۆلی خۆی دەکرد تەنانەت لە توند ترین ساتەکانی تورەبونی دا هاواری نەدەکرد و دەنگی بەرز نەدەکردەوە .. سەدام کاتێك لەگەڵ خەڵکی دادەنیشت ماوەیەکی دەهێشتەوە لە نیوانی خۆی و ئەواندا، کەسێکی جدی و گاڵتە و گەپی کەم بوو، هەرگیز بواری

بەبەرامبەرەکەی نەدەدا سنوری خۆی ببەزێنێ تەنانەت با دانیشتنەکانیش دۆستانە بوایە، ئەو بەربەست و جدیەتە لای ئەو لەبەر چاو دەگیرا و حسابی بۆ دەکرا.. سەدام خاوەنی حەزو خواستێکی بێ سنور بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی باشی هەبوو لە چاوەڕانی کردن و کارکردن لە پشتی پەردەوە ، کەسێك بوو نهێنی پارێز و داخراو تەنانەت جارێکیان عودەی کوری سەدام وتبوی " باوکم رێگە نادات کە گیرفانی لای راستی بزانێت چی لە گیرفانی لای چەپی دا هەیە" ... سەدام نەفەسێکی درێژی هەبوو ، هەر زووش بڕیاری دابوو کە سەرجەم جڵەو وسەرەداوەکانی دەسەلات بەدەستەوە بگرێت، ئەو حەزو خواستانەش هەمیشە خستبویە حاڵەتی بە ئاگایی وریایی و بە گومان روانین بۆ دەوروبەری .

سەدام کاتێك مامەڵەی لەگەڵ کەسە نزیکەکانی دەوروبەری دەکرد بۆ نمونە وەك تەها جەزراوی ، رێزی لێ نەدەگرتن، بەڵام دەیپاراستن، چونکە ئەوان ئامرازی دەستی سەدام بون و ولائی تەواویان هەبوو بۆی، هەندێك جار کاتێك کە قسەیان کرد سەدام بە ئەنقەست قسەکانی پێ دەبڕین و داوای لێبوردنی دەکرد و هەم جاریکی دیکە قسەکانی پێ دەبڕینەوە، بیرو هۆشی پەرش و بلاودەکردنەوە و زاڵ دەبوو بەسەریاندا، هەمیشە بە بچوك سەیری دەکردن..

سەلاح عومەر عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ساڵی ١٩٦٨ دەلێت: سەدام حوسێن وەك ئەوە وابوو خاوەنی دوو کەسایەتی بێت لە یەك جەستەدا، واتە دوو کەسایەتی لە ناخی خۆیدا کۆکردبویەوە، زۆرجار کاتێك لەگەڵی دادەنیشتی سەدامت وەك دیپلۆماتێکی شارەزا و خاوەن خوڕەوشتی بەرز و بە ئەدەب و شایستە دەهاتە پێش چاو کە خاوەنی

پەیوەندییەکی نمونەیی بوو لەگەڵتدا، بەڵام لە هەمان کاتدا و لە چرکە سایەتێکی دیکەدا، دەگۆرا بۆ دڕندەیەکی کەڵبە تیژو هەرچی بهاتبایەتە بەردەستی ورد و خاشی دەکرد، لە راستی دا کەسایەتی یەکی ئالۆز و پڕ گریێ و گۆڵی هەبوو، هەرگیز نەدەتوانرا لە نیەت و مەبەستەکانی تێ بگەیت، ئەوەی دەیخستە ڕوو پێچەوانەی ئەوەبوو لە ناخی خۆی دا حەشاری دابوو..

سەدام حوسێن هەمیشە پشتی بە خۆی دەبەست و متمانەی نەدەکردە سەر کەس، تەنها متمانەی لەسەر بیر کردنەوەی خۆی بوو، هەرچەند راوێژی بە دەوروبەری خۆی دەکرد، بەڵام ئاکامەکەی ئەوە بوو کە تەنها خۆی خاوەنی بریار بوو، خۆی بڕیاری لەسەر شتەکان دەدات، جارێك خیرولا تولفاح لە یەکێك لە دیمانە تەلە فزیۆنی یەکانیدا لە تەلەفزیۆنی ئەو کاتەی عیراق شتێکی لەم بارەیەوە باس کردبوو، ئەو وتبوی " هەموو سەرکردە و پێشەواکانی جیهان پێویستیان بە راوێژکار هەیە تا رێنمونیان بکەن لە کاروباری ژیاندا، سەدامیش خاوەنی راوێژکارە، بەڵام جیاوازی نیوان سەدام و ئەو سەرۆك و پێشەوایانە ئەوەیە کە سەدام حوسێن خۆی راوێژکارەکانی فێردەکات نەك بە پێچەوانەوە ؟؟!..

سەدام حوسێن لە گفتوگۆ سیاسیەکانی دا دیپلۆماسیەتێکی سەرکەوتوی بە خەرج دەدا، واتە لەگەڵ بەرامبەر لێك تێ دەگەیشت، متمانەی پێ دەدا، بەڵام پاش ئەوە لە ناخی دا ستەم و خیانەتی لێ دەکردو پیلانی بۆ شتێکی تر دادەرشت، یەکێك لە سیاسیەکان کە لەگەڵ سەدام دادەنیشت، جارێك دوای کۆبونەوەی لە گەل سەدامدا لێ ی دەپرسن چی لە کەسایەتی سەدام تێگەیشتوی؟ ئەویش لە وەڵامدا وتبوی "جارێك سەدام قسەی لەگەڵ دەکردم و دواتر پێ ی وتم : گەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت لە ئەنجام دانی

کارێکدا ئەوا هەوڵ بدە دەورەبەرەکەت هیچ شتێك دەربارەی ئەوە کارە نەزانن کە لە ناوبیرو مێشکدا دەگوزەرێت، یان خود ئەو کارەی کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت. !

جەواد هاشم لە یادەوەرییەکانی دەگێرێتەوە : سەدام لەسەرەتای سەرکەوتنی کودەتای ١٧ی تەمموزەوە زۆر گرنگی بە شوێن و جل و بەرگی خۆی نەدەدا، بەڵام دواتر ئاوڕی لەم بوارە دایەوە و بە گرنگەوە سەیری دەکرد، من کاتێك سەردانی دەرەوەم دەکرد بە تایبەت بۆینباخم بۆ دەهێنا، جارێك لێم پرسی نابینیم ئەو بۆینباخانەی من بۆم هێناوی بیبەستی؟ ئەویش بە پێکەنینەوە وتی : ئەوانەی تۆ دەت هێنان کلاسیکی و مۆدیل کۆن بوون، کە بۆ کەسانی پیر دەگونجاو ئیستا بۆینباخی جوان و تایبەتم هەیە.. !

هەر بە خێرایی دوای ئەوە بەرگدرویەك لە عێراق دەرکەوت بە ناوی (هاروت) کە تایبەت بوو بە جل و بەرگی سەدام بەرپرسەکانی دیکە، هاروت خۆی یەکلای کردبویەوە بۆ کارەکەی ، منیش هەندێك جار سەردانم دەکردو لە یەکێك لەسەردانەکانمدا سەیرم کرد دەم و چاوی برینداری و روشاوی پێوە دیارە، کە پرسیاری ئەوەشم لێ کرد وەڵامی نەدامەوە، هەرچەند زۆرم لێ کرد بەڵام ئەو هیچ زانیارییەکی نەدرکاندا هێندە نەبێت وتی پرسیار لە جیگری سەرۆك بکە (سەدام).

کاتیك لەگەڵ سەدام دانیشتم و پرسیاری (هاروت) م لێ کرد، بە پێکەنیەوە سەدام وتی : ویستمان کەمێك تەمبێ ی بکەین ، چونکە قسە زۆر دەکات لەسەر جل و بەرگەکانمان و ژمارەی ئەو جل و بەرگانە، ئۆتۆمبیلیکی دەزگای هەواڵگریمان نارد تا بیهێنن، بەڵام ئەو نەهاتبو لە گەڵیاندا و خۆی

له نێو ئۆتۆمبیلەکەوە هەڵدابووە خوارەوە و بەو جۆرە دەم و چاوی بریندار بووبوو.

هەروەها جەواد هاشم دەڵێت: سەدام بە وردی و بە جۆریکی دیراسە کراو پیلانی دارشتبوو بۆ داهاتوی سیاسی خۆی ، لە کاتیکدا کاری دەکرد بۆ جێگیر کردنی پێگەی خۆی و سەپاندنی هەژمونی بەسەر دەروازەکانی کاری ئابوری و سیاسی دا لە ناوخۆ و دەرەوەدا، لە هەمان کاتدا هێندەی چاوتروکانێك کۆنترۆل کردنی بواری ئاسایش و هەواڵگری و دەسەڵاتی سەربازی پشت گوی نەدەخست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەدام زۆر بە وریایەوە مامەلەی دەکرد و خۆی دور دەگرت لە هەر جۆرە بەر یەك کەوتنێك لەگەل ئەحمەد حەسەن بەکردا، بۆ نمونە جارێك سەدام سەردانی نوسینگەکەی منی کرد لە وەزارەتی پلان دانان و سەرنجی ئەو دەستە قەلەمە شیڤەرەی دا کە لەسەر مێزەکەم دانرابوو، پرسیاری کرد ئەمەت لە کویّ دەست کەوتوە؟ منیش وتم لە بەیروت هێناومە، ئەویش داوای لیّ کردم دەستەیەکی جوان و باشی بۆ بهێنم بەڵام نابێت لەوەی بەکر باشتر بێت کە بە کار دەهێنیّ؟! .. یاخود خۆی بە دور دەگرت لە هەر جۆرە نائارامی یەك لە ریزی دەسەلاتی سەربازی دا، هەمیشە بە بەکری دەوت(باوکی فەرماندە) ئەمەش ئەو نازناوە بوو کە تا دوای وەرگرتنی دەسەلات لەلایەن سەدام حوسینەوە بە کار دەهێنرا، لەگەل ئەوەی وێنەی بەکر هیشتا لەسەر دیوارەکان مابون، بەڵام دواتر هێواش هێواش هێنرانە خوارەوەتا لە بیری بەعسیەکان برایەوە.

# غازی عەجیل یاوەر

( ١٩٥٨- )



غازی مشعەل عجیل یاوەر لە ١٩٥٨/٣/١١ لە شاری موسل لە دایکبووە ، پاش چەند مانگێك شێخ عجیل یاوەر بە رێکەوتن لەگەل عەقیدی فرۆکەوان (عەبدولوەهاب شەواف) جولانەوەیەکیان دژ بە دەسەلاتی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی عێراق بەرپاکرد، بەلام بە هۆی شکستی جولانەوەکەوە یاوەر هەلدێت بەرەو سوریا و ماوەی چوار سالْ لەو ولاتە دەمێنێتەوە و پاش تیرباران کردنی عەبدولکەریم قاسم لە کودەتاکەی ١٩٦٣/٢/٨ دا دەگەڕێتەوە بۆ عێراق..

غازی یاوەر بەیەکێك لە شێخەکانی عەشیرەتی شمەر دێتە ژماردن و لە بنەرەتیشدا دەگەرێتەوە سەر شەریف قەتادەی کوری بەرەکاتی میری مەککە لە سالی ١٢٠١ زاینی .. باپیرە گەورەی یاوەر ( موحەمەدی کوری بەرکاتی جەربا) لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمدا شاری جدە بە جێ دەهێلێت و رودەکاتە شارۆچکەی جەربا لە ناوچەی مەعانی باشوری ئوردون و کورەکەشی واتە سالم هەستا بە یەکخستنەوەی سەرجەمی هۆزەکانی شمەر و بەوهۆیەشەوە دەتوانن دەسەلات بگرن بەسەر( نەجد ) دا تائەو کاتەی لەلایەن هۆزەکانی ( عنێزە) ەوە لە سالّی ١٧٩١ لە ناوچەکە دەردەکرێن و پاشان کۆچ دەکەن بەرەو عێراق و ئەمارەتی شمەر دروست

دەکـەن و بـە هەماهـەنگیش لەگـەڵ (ئەحمـەد پاشـا جـەزار) ی والی عـەککا ڕێگەی هاتوچۆی حاجیانی دەولەتی عوسمانی دەپاریزن و دابینـی دەکـەن.. هەر بە هۆی وەلائی عەشیرەتی شمەرەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی وەزیرێکیان لەو دەوڵەتە پێ دەدرێت..

بە هاتنی هێزەکانی ئینگلیـز بـۆ عێـراق جـارێکی تـر دەروازەی دەرکـەوتنی هۆزەکان کرایەوە و لەم نێوەشدا عجیل یـاوەر ی بـاپیری غـازی جـاریکی تـر ناوبانگ پەیدا دەکاتەوە، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستـەی لـە ئاهـەنگی دانـانی پاشا (جۆرجی شەشەم) ساڵی ١٩٣٥ بانگهێشتی لەندەن بکرێت...

غازی عجیل یاوەر بروانامەی بە کالۆریۆس بەدەسـت دێنـی لـە ئەنـدازیاری مـەدەنی کۆلیـژی فەهـد بـۆ نـەوت و کانزاکـان لـە شـاری زەهرانـی ولاتـی شانشینی سـعودیە و مـاوەی ١٥ سـال لـەو ولاتـە دەمێنێتـەوە، و پاشـان لـە زانکـۆی جـۆرج تـاون لـە واشـنتۆن بروانامـەی ماسـتەر لـە هـەمان بـواردا بەدەست دێنێ ..

لە دوایشدا دەبێتە جێگری کۆمپانیای (هیکاب تەکنۆلۆژی) کـە یـەکێك بـووە لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی بێ تەل لە سعودیە و مـاوەی چـەند سـالێك ئـەو پۆستە بەڕێوە دەبات..

پـاش روخـانی رژێمـی سـەدام لـە ٢٠٠٣/٤/٩ و دروسـت بـوونی ئەنجومـەنی حوکم لـە لایـەن دەسـەلاتی هاوپەیمانانـەوە ، غـازی عجیـل یـاوەر دەکرێتـە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە و پاش تیرۆر کردنی (عزالدین سەلیم) یاوەر دەبێتـە سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم..

لەگەل نزیك بونەوەی تەسلیم کردنەوەی دەسەلات بە عێراقییەکان لـە ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دا و دوو ناو دەخرێنـە پێشدەسـت لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە

بۆ وەرگرتنــی پۆسـتی سـەرۆك كۆمـاری عێـراق لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەداو ئـەوانیش هەریـەك لـە عـەدنان پاچەچـی و غـازی یـاوەر بـوون و سـەرەتاش پاچەچی دیاری دەكرێت وەك سەرۆك ، بەلام ناوبراو پـاش مـاوەی كـەمتر لـە نیو كاتژمێر لەو پۆستە پەشیمان دەبێتەوە و سەرەنجام غـازی عجیـل یـاوەر دەبێتە شەشەم سەرۆك كۆماری عێراق بـە شـێوەیەكی كـاتی پـاش روخـانی دەسەلاتی پاشایەتی لە عێراقدا و لەو پۆسـتەش دەمێنێتـەوە تـا ٢٠٠٥/٤/٧ واتە ماوەكەی **<u>نۆ مانگ و حەوت رۆژی</u>** <u>خایاند</u> كاتێك ئەو پۆستە تەسلیم كرا بە جەلال تالەبانی ...

شایانی باسە یاوەر وەك كەسایەتی یەكی سیاسی نە پێش روخـانی رژێمـی سەدام و نە پاش ئەوەشی هاتـە نێـو كایـەی سیاسـی ولاتـەوە دەرنەكـەوت، بەلكو زیـاتر بـە پێـودانگی پێگـەی كۆمەلایـەتی و رەهەنـدی سـوننی بـوونی گەیشتە ئەو ئاستە، لەگەل ئەوەی كە پێگـەی جـەماوەری ئەوتـۆشـی نـەبوو، ئەمە جگە لەوەی بەشـی هـەرە زۆری تەمـەنی یـاوەر لـە سـعودیە و ئـەمریكا بەسەری بردووە و كەمتر لە ناو عیراقدابووە، هەروەك ناتوانین حـوكم بەسـەر ماوەی دەسەلات و سیاسەتەكانی دا بدەین لەبـەر ئـەوەی زیـاتر پۆسـتەكەی تەشریفاتی بـوو ئەمـە سـەرەرای ئـەوەی خـۆی زیـاتر بـە كەسـایەتی یـەكی كۆمەلایەتی و نوێنەری سوننە نیشـان دەدات وەك لـەوەی كـە سیاسـی بێـت ئەمـە جگـە لـەوەی كـە مـاوەی دەسەلاتدارێتیشـی كـە لـە ٢٠٠٤/٦/٣٠ تـا ٢٠٠٥/٤/٧ دریژ بوویەوە ماوەیەكی كورت بووە و ئەو ماوە یـەش هێنـدە نیـە تا تاوتوێ وردی سیاسەتەكانی بكرێت..

دەربـارەی كەسـایەتی یـاوەر پـۆل بریمـەری حـاكمی مـەدەنی ئـەمریكی لـە عێـراق دەلێـت: یـاوەر پیـاوێكی خێلـەكی بـیر تەسـك ، خـاوەن قورسـایی

جـەماوەری نـەبوو لـە عێراقـدا ، تەنانـەت خێڵەکەشـی (شـەمەر) کـە سـونیە هەموویان  پشتیوانیان لێ نەکرد سەرەرای ئەوەش هیچ جـۆرە پشـتیوانیەکی نەبوو لە نـاو  شـەمەرە شـیعەکاندا ، بریمـەر وای پێشـبینی دەکـر کـە یـاوەر هـەولی بەدەسـت هێنـانی کورسـی سـەرۆکایەتی دەدات لـەبری رۆلی سـەرۆك خێڵێـك ، دوای ئـەوەی نـەیتوانی سـەرۆك خێڵـی بەدەسـت بێنـێ بـە هـۆی رکەبەرێتی خزمەکانیەوە..

# جەلال تالەبانی

**( ١٩٣٣-٢٠١٧ )**



جەلال حوسامەدین موحەمەد (جەلال تاڵەبانی) لە ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی کەلەکانی هەڵکەوتوو لە بەرزایی شاخی کۆسرەت کە دەروانێت بەسەر دەریاچەی دوکاندا لە دایك بووە، پاش ئەوەی سەردەمی منداڵێتی لەو گوندە بەسەر دەبات و دوای ئەوەی باوکی دەبێت بە مورشیدی تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کۆیە مالیان دەچێتە ئەو شارە و هەر لەوێش لە قوتابخانەی سەرەتایی دەست دەکات بە خوێندن، پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ تاڵەبانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو پارتە وساڵی ١٩٤٧ پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی یەوە و وەك کادرێکی چالاك و هەڵسوراوی قوتابی لەو پارتە کاری سیاسی خۆی دەست پێ دەکات و چەند ئەرك و کارێکی حیزبی دەخرێتە سەرشانی ..

لە ساڵی ١٩٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی تەواو دەکات و لە ناوەندی کۆیە وەردەگیرێت و لە هەمان ساڵدا لەچوارچێوەی هەڵبژاردنی گشتی قوتابیانی عێراق بۆ نوێنەرایەتی کردن لە کۆنگرەی گشتیەکانی قوتابیاندا و لە هەلبژاردنانەشدا تالەبانی وەك نوێنەری قوتابیانی کۆیە هەلدەبژێرێت و و

بەشـداری یەکـەم کـۆنگرەی قوتابیـانی عێـراق دەکـات کـە لـە نیسـانی سـالی ١٩٤٨ لە گۆرەپانی (سباع) شاری بەغداد بەسترا..

لە سالی ١٩٤٩ و بە هۆی گەشەسەندنی جموجوڵە سیاسـیەکانیەوە تالـەبانی دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە ی پارتی دیموکراتی کوردستان..

سـالی ١٩٥١ لـە کـۆنگرەی دووەمـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەبێتـە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی و لـە کۆتـایی هـەمان سـاڵدا خـۆی و چـەند هاورییەکی لە شاری موسل دەستگیر دەکرێن و پاش ئـازاد کردنیـان بـەرەو شـاری کـەرکوك دەرۆن بەمەبەسـتی تـەواوکردنی خوێنـدن و سەرپەرشـتی کردنی رێکخستنە نوێیـەکانی پـارتی ، لـە سـالی ١٩٥٣ پـاش ئـەوەی رێگـەی پێنادرێت لە کۆلیژی پزیشکی بخوێنێت ئەمەش بە هۆی ئـەو گرفتانـەی کـە خرابووە بەردەمی لەلایەن دەسەلاتدارانی سـەردەمی پاشـایەتی ئەوکاتـە بـە هۆی چالاکی یە سیاسیەکانیەوە ناچار تالەبانی پێشکەشـی کۆلیـژی مـاف ی دەکات و وەردەگیرێت و لە سالی ١٩٥٩ کۆلیژی ماف تەواو دەکات..

لـە سـاڵی ١٩٥٣ سـەرۆکایەتی کۆبونـەوەکانی کـۆنگرەی یەکـەمی یـەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات و دەبێت بە یەکەم سکرتێری ئەو یەکێتی یە تا ساڵی ١٩٥٥ و یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی لاوانی کوردستان ..

لە ساڵی ١٩٥٤ جارێکی تر هەلدەبـژێرێت بـۆ ئەنـدامێتی مەکتـەبی سیاسـی پارتی و سالی ١٩٥٥ عێراق بە جێ دەهێلێت بە مەبەستی بەشداری کردن لـە ڤیسـتڤالی قوتابیـان و لاوانـی جیهـانی و بـەو هۆیەشـەوە سـەردانی یـەکێتی سۆڤییەتی جاران و چین و ولاتانی ئەوروپی رۆژهەلاتی دەکات ..

لە ساڵی ١٩٥٦ بە هۆی کار و چالاکی سیاسیەوە کاتێك لە قۆناغی چـوارەمی کۆلیژی ماف بوو ناچار دەبێت واز لە خوێندن بهێنـێ و خـۆی لـە بەرچـاو ون

بكات ، له سالی ١٩٥٧ بەشێوەیەکی نهێنی بەشداری ڤیستیڤاڵی قوتابیان ولاوانی جیهانی دەکات له مۆسکۆ.. هەرلەمیانەی ئەو سەردانەیدا و له سوریاچاوی دەکەوێت به (کمال الدین رەفعەت)کە یەکێك بووه له ئەفسەرانی ئازادیخوازی میسر و لەگەلیدا تاوتویَ چۆنیەتی هەلگیرساندنی شۆرشی کوردی دەکات له کوردستان و پشتگیری وەردەگرێت بۆ کردنەوەی ئێستگەیەك به زمانی کوردی له قاهیرە .

له گەلّ سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ تالەبانی له شاری سلێمانی پیشەوایەتی گەورەترین رێپێوانی جەماوەری دەکات بۆ پشتگیری شۆرش.

له سالّی ١٩٥٩ لەگەل ئەوەی کۆلیژی ماف تەواو دەکات جارێکی تر هەلدەبژێرێتەوە بۆ ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتووو لەگەل ئەوەی دەچێته بواری سەربازی و دەبێته ئەفسەری یەدەکی (کەتیبەی چواری تانك) و له هەمان کاتدا بەشداری دەرکردنی رۆژنامەی خەباتی کردووه و درێژەی داوه به خەباتی سیاسی ..

پاش تێکچونی پەیوەندی نێوان کورد و دەسەلاتی قاسم و سەرهەلدانی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ تالەبانی بەرپرسی لیوای سلێمانی دەبێت و بۆ ئەو مەبەسته یەکەم مەلبەندی شۆرش له چەمی رێزان دەکاتەوە و سەپەرشتی و سەرکردایەتی هێزەکانی پێشمەرگه دەکات تاوای لیَ دێت که هێزێکی گەورە پێك بێنیَ و له هەمان کاتدا دەبێته بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان ، له سالی ١٩٦٢ سەرکردایەتی هێرشێکی بەرفراوان دەکات بۆ سەرناوچەی شارباژێر و له ماوەی چەند رۆژێکدا دەستدەگرێت بەسەر ناوچەکەدا بەسەرجەم مەخفەرەکانی پۆلیسشیەوە

هەروەها ناحیەی بناوە سوتە و چوارتا و پێنجوین ، تا سالی ١٩٦٣ توانی زۆربەی ناوچەکانی قەرداغ و قەلاسێوکە و گەرمیان و سەنگا و ئازاد بکات..

لە سالی ١٩٦٣ و پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی هەشتی شوباتی بەعسی و قەومییەکان سەرۆکایەتی وەفدی کوردی دەکات لە گفتوگۆکانی نێوان کوردوحکومەتی ئەو کاتەی عێراق، کە لە سەرەتادا حکومەتی عێراقی هەلوێستی نەرمی هەبوو لە مەسەلەکەدا، پاشان تالەبانی سەردانی جەمال عەبدولناسری کرد لە میسر و لە جەزائیر چاوی کەوت بە ئەحمەد بن بلە و هەولی دا قەناعەتیان پێ بهێنێ بە رەوایەتی کێشەی کورد و لە هەمان سالدا وەك نوێنەری شۆرشی کوردستان سەردانی ئەوروپا دەکات بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتگیری لە شۆرشی کورد و لەم نێوەشدا سەردانی هەریەك لە فەرەنسا و ئەلمانیا و روسیا و چیکۆسلۆڤاکیا و نەمسای دەکات..

پاش ئەوەی لە ناوەراستی شەستەکاندا ناکۆکی دەکەوێتە نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تالّەبانی بالّی مەکتەبی سیاسی لەگەل مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێك دێنێ و جیا دەبێتەوە لە پارتی ...

لە سالی ١٩٧٢ سەفەری دەرەوەی عێراق دەکات و ماوەیەك لە میسر و لوبنان و سوریا دەمێنێتەوە و پاش هەرەس هێنانی شۆرشی کوردی لە دەرەنجامی رێکەوتنامەی جەزائیری مارسی ١٩٧٥ لە نێوان سەدام و شا دا، تالەبانی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ١٩٧٥/٦/١ دادەمەزرێنێ کە ئاراستەیەکی سۆسیالیستی هەبووە پاشان پلانی شۆرش جارێکی تر دادەرێژێتەوە و تا ئەوەی لە ١٩٧٦/٦/١ بە رەسمی دەبێتە سکرتێری گشتی ..

پاشان جولانەوەی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٧ دەست پێ دەکات و تاڵەبانی وەك سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگەڕێتەوە کوردستان و لە شاخەکانی کوردستان بارەگای هێزی پێشمەرگە دادەنێت و جارێکی تر شۆرش دەست پێ دەکاتەوە ..

لە سالی ١٩٨٤ تالەبانی دەچێتە دانوستانەوە لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتەی عێراق بەمەبەستی دەست خستنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بەڵام بە هۆی فشارەکانی ئەو کاتەی حکومەتی تورکیا و هەڕەشە کردن لە حکومەتی عێراقی بەوەی ئەو هێلی نەوتەی عێراق دەبرێت کە بە تورکیا دا تێ پەڕیبوو، گەر بێتوو لەگەڵ کورد رێك بکەوێت، چونکە لەو کاتەدا تورکیا رێکەوتنی حکومەتی عێراق و کوردی بە هەڕەشەیەك دەزانی بۆ سەر دەولەتی تورکیا و زیندوکردنەوەی جموجولی کوردی بۆ دەست خستنی مافەکانیان.. هەربۆیەش لە ئەنجامدا دانوستانەکان کۆتایی یان هات بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئاکامێك و جارێکی تر شەر و پێکدادان دەستپێدەکاتەوە...

پاش ئەوەی لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ حکومەتی عێراق پەلاماری کوێتی داو داگیری کرد و لە ئەنجامدا شەری هاوپەیمانانی سالی ١٩٩١ ی بە دوای خۆیدا هێنا و کە لە ئاکامدا راپەرینی کوردستانی لێکەوتەوە ، و دوای ئەوەی کۆرەوەکەی خەلکی کوردستان و دەرکردنی بریاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش، قۆناغێکی نوێی ژیانی سیاسی لە تەمەنی تالەبانی دا دەستی پێکرد و تالەبانی و وەفدی کوردی سەردانی بەغدادیان کرد بەمەبەستی رێکەوتن لە گەل حکومەتی عێراقی بەلام ئەو دانوستانانەش ئاکامی ئەوتۆی نەدا بەدەستەوە..

پاشـان هەڵبـژاردنی پەرلـەمانیی لـە سـاڵی ١٩٩٢ ئەنجامـدرا و ئیدارەیـەکی یەکگرتوو پێکهێنـرا.. لـە مـانگی مایسـی سـاڵی ١٩٩٤ شـەڕی نـاوخۆی نێـوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان سـەری هەڵـدا و تا سەرەنجام تاڵەبانی و بارزانی لە ساڵی ١٩٩٨ ئیمزای ڕێکەوتنامـەی ئاشـتی واشنتۆنیان کرد و کۆتایی هێنرا بە شەڕی ناوخۆ..

پاش ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە ٩ ی نیسانی ٢٠٠٣ لەلایەن سوپای ئـەمریکا و هاوپەیمانەکانەوە و پێکهێنانی ئەنجومـەنی حـوکمی عێراقـی تاڵـەبانی بوویـە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە و لە مـاوەی مـانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ٢٠٠٣دا سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەی بۆ ماوەی مانگێك گرتە ئەستۆ..

پاش ئەنجام دانی هەلبژاردنی ٣٠ ی کـانونی دووەمـی ٢٠٠٥ تالـەبانی لـە ٦ /٢٠٠٥/٤ لـە لایـەن ئەنجومـەنی نوێنـەرانی کـاتی عێراقـەوە هەڵبـژێرا وەك سـەرۆك کۆمـاری عێـراق لـە دوایـدا و پـاش ئـەنجام دانـی هەڵبـژاردنی ١٥ی کـانونی یەکـەمی ٢٠٠٥ جـارێکی تـر تالـەبانی بـۆ مـاوەی چـوار سـال لـە ٢٠٠٦/٤/٢٢ بو بە سەرۆك کۆماری عێراق..

تاڵەبانی بە سیاسی یەکی بەرچاو و دیپلۆماتێکی شارەزا و ڕۆژنامەنوسێکی دیـار ناسـراوە لـە نیـو گۆرەپـانی سیاسـی عێـراق و ناوچـەکە و ڕۆلی گرنگـی گێراوە لە دەرخستنی جولانەوەی سیاسی لە عێراق و ناوچەکە بەشـێوەیەکی گشتی و جولانـەوەی سیاسـی کـورد بـە شـێوەیەکی تایبـەتی و لـەم بـوارەدا چـەندین کتێـب و نوسـراوی سیاسـی هەیـە ئەمـەش بـە درێـژایی قۆناغـە سیاسیەکانی رابردوو ، لە هەمان کاتدا نوسەران و میـژوو نوسـان بـە گرنگـی یەوە دەروانننە خەباتی سیاسی تالەبانی، ئەمـە سـەرەرای دەرکـەوتووی ڕۆلی دیپلۆماسی و سیاسی تالەبانی لەسەر ئاستی جیهانی ..

لـه كتێبـی (مـالم یـذكره بریمـر فـی كتابـه ) موحەمـەد عـەرەب دەنوسـێت: بریمەر دەربارەی تاڵەبانی وتویەتی " تاڵەبانی سیاسـیەكی نەرمـە و حـەزی بە دانوستان بووە لەگەڵیدا، چونكە براوە بووە لە گەڵیدا لە هـەموو بارێكـداو بـەلای بریمـەرەوە تاڵـەبانی رەگـەزی خـامۆش كـەری ئالۆزییـەكانی نـاو ئەنجومـەنی حـوكم بـووە ، هەمیشـە نوكتـە خۆشـەكانی لـە دڵیـدا هەڵدەگرت.هەروەها بریمەر پێ ی وابووە تاڵەبانی سـەرەڕای بـەرگری كردنـە هەمیشەییەكەی لە كورد و مافەكانی ، بەڵام هـەوڵی دەدا بۆنزیـك كردنـەوەی گۆشـە نیگاكـان لەیـەكتر و لـەم رووەشـەوە خـاوەنی شـارەزایی یـەكی سیاسیانەی بێ هاوتا بوو ، هەروەك رقی لە بەغداد و عێراقیش نەبوو.

تاڵـەبانی لـە سـاڵەكانی كۆتـایی تەمەنیـدا ، دووچـاری گرفتـی تەندروسـتی بوویەوە ، لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ لە نەخۆشخانەی (حسین)ی پزیشـكی لە ئوردون خـەوێنراو بـە هـۆی تێكچـوونی بـاری تەندروسـتییەوە و دواتـر لـە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نەشتەرگەریی دڵی بـۆكرا لـە كۆتـایی ئـابی ٢٠٠٨ .

لـە كۆتـایی سـاڵی ٢٠١٢ جـارێكی دیكـە بـاری تەندروسـتی تاڵـەبانی تێكچـوویەوە و بـەم هۆیەشـەوە رەوانـەی ئـەڵمانیا كـرا بەمەبەسـتی چارەسەركردن، كە تا ناوەراستی ساڵی ٢٠١٥ لـەو ولاتـە مایـەوە بـەردەوام لەژێر چـارەری پزیشـكیدا بـوو، تـا داواجـار لـە ٣ی ئۆكتۆبـەری سـاڵی ٢٠١٧ كۆچی دوایی كرد .

***پاش روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩ و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ عێراق و خۆ ناساندنی ئەمریکا وەك هێزێکی داگیرکار، ئەمریکا هەستا بە دانانی فەرمانڕەوای ئیدارەی مەدەنی کاتی لە عێراقدا کە تا تەسلیم کردنەوەی دەسەلات بە عێراقییەکان دوو فەرمانڕەوا رۆلیان لە عێراقدا بینی و حوکمیان کرد بەم جۆرە:***

# جای گارنەر

(١٩٣٥-        )



ناوی تەواوی (جای مۆنتگامری گارنـەر) ەو لـە ١٩٣٥/٤/١٥ لـە دایك بـووە و ژەنرالێکی ئـەمریکی خانەنشـینکراوبوو، یـەکێك بـووە لـە هاورێکـانی (دۆناڵد رامسفیلدی) وەزیری بەرگری ئەمریکا و لـە ٢٠٠٣/٤/١٢ هاتـە نێـو بەغـداد بـۆ سەپەرشتی کردنی ئیـدارەکردنی مـەدەنی کـاتی لـە عێراقـدا، پێشـتر گارنـەر فەرماندەی بەرگری ستراتیژی و فەزا بوە لە هێزە وشکانی یەکان کە بەشـێك بـوو لـە پرۆگرامـی بـەرگری دژە موشـەکی لـە کـاتی سـەرۆکایەتی (رۆنالـد ریگاندا) و پاشان بوەتـە جێگـری سـەرۆکی ئـەرکانی هێـزە وشـکانی یـەکانی ئـەمریکا. لـە جـەنگی کەنـداوی دووەمـدا سـالی ١٩٩١ کـراوە بەبەرپرسـی سیستمی دژە موشەکی پاتریۆتی و پا شان تەکلیف کراوە بە موتابەعـەکردن و گـەرەنتی گەڕانـەوەی ئاوارەکـانی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ مـاڵ و حـاڵی خۆیان لە بەهاری ١٩٩١دا.

# پۆل بریمەر

(١٩٤١-     )



پۆل بریمەر لە سالی ١٩٤١ لە دایك بوە و لە ٢٠٠٣/٥/٦ جۆرج بۆشی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دیاری کردوە بە سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی تا سەرپەرشتی پرۆسەی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی عێراق بکات، پێشتریش بریمەر سەرۆکایەتی کۆمپانیایەکی راوێژکاری تایبەت بە (قەیرانەکان) ی دەکرد و سەر بە کۆمپانیای (مارش و ماکلینان) بوو،کەکۆمپانیایەك بوو خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمپانیاکانی تر دەکرد لە روی چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل قەیرانەکاندا کە روبەرویان دەبویەوە وەك (کارەساتی سروشتی).

بریمەر سالی ١٩٦٦ دەچێتە بواری دیپلۆماسی و لەو کاتە وەك بەرپرسێکی سیاسی و ئابوری و بازرگانی دەرکەوتووەو لە بالیۆزخانەی ولاتەکەی لە ئەفغانستان و مالاوی کاری کردوە ، لەنێوان سالانی ١٩٧٦-١٩٧٩ دەبێتە جێگری بالێۆز و هەلسورێنەری کاروبارەکانی بالێۆزی ئەمریکا لە لە نەرویج هەروەك پۆستی یاردیەدەری جێ بەجێ کار و یاریدەردەری تایبەتی شەش وەزیری دەرەوەی ئەمریکای  وەرگرتووە ، لە سالی ١٩٨٣ لەلایەن (رۆنالد

ریگان)ی سەرۆکی پیشوتری ئـەمریکاوە دەکرێتـە بـالیۆزی ولاتەکـەی لـە لـە هۆلەندا بۆ ماوەی سێ ساڵ، لە سالی ١٩٨٦ دەبێـت بـە بـالیۆز لـە کاروبـاری قەلاچۆکردنی تیرۆر لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کـە لـەو کاتـەدا بـەرپرس بـوە لــە پێشخســتن و جــێ بــەجێ کردنــی سیاســەتی نێــو دەولــەتی بــۆ قەلاچۆکردنی تیرۆر کە ئەمریکا پەیرەوی دەکرد.لە سـێ سـالی دوای ئـەوەش دا یەکێك بوە لە گەورە راوێژکارەکانی سـەرۆك و وەزیـری دەرەوەی ئـەمریکا لە بواری تیرۆردا، پاش بەسەر بردنـی ٢٣ سـال لـە بـواری دیپلۆماسـی سـالی ١٩٨٩ بریمەر پەیوەنـدی دەکـات بـە کۆمپانیـای (کەیسـنجەر ئاسیۆشـێتس) کە کۆمپانیایەکی راوێژکاریی بوە و (هنری کەیسـنجەر) ی وەزیـری دەرەوەی پێشوتری ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد .

بریمەر بروانامەی بیکالۆریۆسی هێناوە لە زانکۆی (بێل) و پاشـان بروانامـەی لە پەیمانگای لێکۆلینـەوەی سیاسـی سـەر بـە زانکـۆی پـاریس و ،هـەروەها بروانامەی ماجستێری لە کۆلیژی ئیدارەی کاروبارەکان لە زانکۆی (هارڤـارد) بەدەست هێناوە.

لـەکۆتایی تـەواوبونی کارەکـەی لـە عێـراق لـە ٢٠٠٤/٦/٣٠ و گەرانـەوەی بـۆ وڵاتەکـەی بریمـەر کتێبێکـی نوسـی لـەژێر نـاوی (عـام قضـیته فـی العـراق : النضال لغد مرجو) . لە ماوەی دەسەلاتی دا بریمـەر چـەندین بریـار و یاسـای دەرکرد بە تایبەت سەبارەت بە هەلوەشـاندنەوەی سـوپای عێراقـی و دەزگـا هاوپێوەندەکان و وەزارەتی راگەیاندن و چەندین بریـاری تـر کـە لـە کۆتـایی داهەندێك لـەو بریارانـە گرفتـی جۆراجـۆری بـە دوای خۆیـدا هێنـا و قـەیرانی گەورەی لێ کەوتەوە.

# پاشکۆی وێنەکان



مەلیک فەیسەڵی دووەم



عەبدولئیلاه و فەیسەڵی دووەم



مەلیک فەیسەڵی دووەم



گولله باران کردنی قاسم و
هاورێکانی شوباتی١٩٦٣



عەبدولسەلام عارف




عەبدولرەحمان عارف و بارزانی



ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن




ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن



سەدام حوسێن پاش

دەستگیر کردنی لە کانونی دووەمی ٢٠٠٣



ئەو جێگەی سەدام خۆی تیا حەشاردابوو

# سەرچاوەکان

١- معجم الشرق الاوسط ، سعد سعدی

٢- موسوعة السياسية ، عبدولوهاب كيالی

٣- عبدالكريم قاسم رؤية بعد العشرين ، حسن علوی

٤- العـراق فـی التقـارير السـنوية للسـفارة البريطانيـة ١٩٤٤-١٩٥٨ مؤيـد ابراهيم الونداوی..

٥- العراق الجمهوری د. مجيد خدوری.

٦- عبدالكريم قاسم وساعاتة الاخيرة ، احمد فوزی

٧- تاريخ الوزرات العراقية تاليف مجوموعة من الاساتذة.

٨- ليث عبدالحسن الزبيدی ثورة ١٤تموز ١٩٥٨ فی العراق

٩- نبض الشارع العراقی فی عهد عبدالكريم قاسم وثائق امنية جديد، د عـادل تقی عبدالبلداوی سنة ٢٠٠٤

١٠- مذكرات وزير عيراقی مع بكر وصدام ، د.جواد هاشم ٢٠٠٣

١٢- مالم يذكرة بريمر فی كتابه ، محمد عرب .مكتبة مدبولی ٢٠٠٦

١٣- جريدة الشرق الاوسط عدد ١٠٢٠٩ ٢٠٠٦/١١/١٠

١٤- برنامج شاهد علی العصر ، قناة الجزيرة الفضائية مع (صلاح عمـر العلـی) قيادی سابق فی الحزب البعث العربـی الاشـتراكی وحاميـد الجبـوری وزيـر فـی عهدی البكر و صدام.

١٥- برنامج بين الزمنين قناة ابوظبی الفضائية

١٦- العراق الحديث، من سنة ١٩٠٠الی سنة ١٩٥٠ الجـزء الاول تـاليف (سـتيفن همسلی لونكريك) ترجمة و تعليق سليم طه تكريت.

١٧- مقابلـة غسـان شـربل مـع عبـدالغنى الـراوى فـى جريـدة الحيـاة (الحلقـة الثالثة) يوم ٢٠٠٣/٧/٣.

١٨- چەندسایتێکی ئەلەکترۆنی: سایتی ویکیپیدیا ، CNN ، و BBC

١٩- مقابلات غسان شربل فى جريدة الحياة مع كل مـن حـازم الجـواد و حاميـد الجبورى ..

# صفحاتُ الحكمِ في العراق

## من فيصل الاول الى الطالبانى

### نبذة مختصرة لسيرة الملوك و رؤساء العراق

**عبدالقادر صالح**

**مافی چاپ و لەبەرگرتنەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نوسەر**

**مۆبایل : ٠٧٧٠٢٢٦٣٨٩٤**

**ئیمەیڵ:** shad-188@yahoo.com

**ژمارەی سپاردنی ٧٠٧ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی پێ دراوە.**



**نووسەر:**

- عەبدولقادر ساڵح
- لە دایکبووی ١٩٧٣
- دەرچوی کۆلیژی یاسا و رامیاری زانکۆی سلێمانی/ بەشی یاسا.
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان.
- ئەندامی فیدارسیۆنی رۆژنامەنوسانی نێودەولەتی.

**بەرهەمەکانی:**

- شۆرشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لە عێراق. (ساڵی ٢٠٠٥ چاپکراوە).
- فەرهەنگی سیاسی سەبا.(ساڵی ٢٠٠٨ چاپی دووەم) .
- لاپەرەکانی فەرمانرەوایەتی عێراق.
- سەدام و بەعس لاپەرە شاراوەکان (ئامادەیە بۆ چاپ)
- تاوانە رۆژنامەنوسییەکان (بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوان و دادگاکان (ئامادەیە بۆ چاپ).
- هەواڵی رۆژنامەنوسی (ئامادەیە بۆ چاپ).
- ئیسلام وەك ئەلتەرناتیف (وەرگێران) ئامادەکراوە بۆ چاپ.
- بڵاوکردنەوەی دەیان بابەتی بواری سیاسی و مێژویی و رۆشنبیری لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان.

Scanned with CamScanner

Design by SHERKO KHANZADI